# کۆمەڵگەی کۆلاپس و گەندەڵ

## 5- بەشمەک(بەکالا) بوونی ئافرەت:

### بەگەندەڵیبوونی خۆشەویستی

ئازاد حەمە

لە ئەمڕۆدا کێشەی ئافرەت و پێوەندی ئافرەتیش لەتەک پیاو لە گشت کۆمەڵگەکانی سەردەم تابلێی کێشاوی و گفتووگۆئامێزە. ئەمە کە کێشەیێ مێژووییە ئەلبەتە میتافیزیکیشە. ئەمەش وادەکا گەلێ لەو دیتنانەی باوەڕیان بەم لایەنەیە داکۆکی لەو بیردۆزە فەلسەفیانە بکەن پشتگیریی لەوەدەکا مێژوویێ میتافیزیکی لە پشت بەکێشەبوونی پێوەندی نێوان ژن و پیاوەوەیە. بۆیە ئێمە پێیمانوایە, ژیندەری (ڕەگەزی) ئافرەت پێویستە یەکەم هەنگاوی بۆ توێژینەوەی میتافیزیک تەرخانکا و دواتر ئەوەی پێیدەڵێن ناسنامە و سوبژێکتی(خودی)ژیندەری پیاو. ئەم دوو هەنگاوە کە دەشێ یاخیبوونێ لۆژیکی بەرهەمبهێنێ شۆڕشێ ناسنامەیش لەتەک خۆیا دێنێ بەڵام ئەم شۆڕشە نایەتەدی تا ئافرەت لە بەتاکبوونی(خودگەرایی) خۆی نەگا. ئەم لایەنە کە کێشەیێ فەلسەفی قوولە ڕێگاخۆشکەریشە بۆ گەیشتن لە چۆنیەتی ئەو هەنگاوانەی تاکی ئافرەت دواتر دەکارێ بینێ. ئەم لایەنە کە گەلێ کێشەی مێتۆدی دێتەڕێ لە کۆمەڵگەی کۆلاپس و گەندەڵ بەوجۆرە نییە کە پێشبینیدەکرێ. چونکە لە کۆمەڵگەی کۆلاپس و گەندەڵ , بۆنموونە کوردستانی ئەمڕۆ, پۆلی تیۆری و بەتایبەت توێژینەوە لەسەر ژیندەری ئافرەت بێ هزر و دوور لە مێتۆدی نوێ گوزەردەکا. ئەمەش لەڕێگایخۆیەوە وادەکا وتارێ لۆژیکی پووخت هەرگیز لەدایکنەبێ و بواری توێژینەوەش , وەک پۆلێ تیۆری, لەوبارەوە پێکنەیێ.

بۆچوونە نێو هەناوی ئەم بەشەی نووسینەکەمان بەباشی دەزانین لەوێوە دەستپێکەین کە,لەئەمێستادا ئافرەت لە گشت کۆمەڵگە نوێکانی سەردەم لە دۆزێ نالەبار و تەمومژاوی کۆمەلایەتی و ئابووری دەژی بەڵام لە کۆمەڵگەی ناوبراو بە کۆمەڵگەی کۆلاپس و گەندەڵ , کە کوردستان نموونەیێ بەرچاوییە لەسەر بوونی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە, لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی نێرسالارییە تاکی ئافرەت زۆر زەلیل و داماو دەژی. بۆیە دەمانەوێ لە بەشێ لەو نووسینەی تایبەت بە کۆمەڵگەی ناوبراو دەستماندناوەتێ بێینە سەر دۆزی ژیندەری ئافرەت و ئەو لایەنانە لەم جۆرە کۆمەڵگەیە بەرباسخەین کە کار بۆ بەشمەکبوونی ئافرەتدەکەن و واتای خۆشەویستیش گەندەلدەکەن. هۆیئەوەی کە واتای خۆشەویستی لەتەک دیاردەی بەشمەکبوونی ئافرەت بەرباسدەخەین بۆئەوەدەگەڕێنینەوە کە ئافرەت زۆر بایەخدەرەوە بەم واتایە و بەخۆشی لەناو پارادایمی خۆشەویستی ( ئەوینداری , دلداری, حەزلەیەکترکردن) تەرەفێ تابلێی سەرەکیە یان یەکێکە لەو دوو هێزەی خۆشەویستی دروستدەکا. بۆیە زۆر نیازمەندین لەدرێژەی ووتنەکانمان بێینە سەر ئەم لایەنە و ئەوەش نیشاندەین کە چۆن لە کۆمەڵگەی کۆلاپس و گەندەڵ لەئاکامی ئەو بەشتبوونەی تاکی ئافرەت ڕووبەڕوویبۆتەوە خۆشەویستیش دووچاری گەندەل بووە . واتە ئێمە گەندەلبوونی خۆشەویستی دەکەین بە بەرهەمی ئەو بەشتبوونەی ئافرەت دووچاریهاتووە. ئەم دیتنەش حۆی لەسەر بناغەی ئەو گریمانە بوونیاددەنێ کە بەمشێوەیەیە: ئەودەمەی ئافرەت بەشمەکدەکرێ بەدلنیایەوە ئەو پێوەندیەش پیاو لەتەک ئافرەت دروستیدەکا, کە خۆشەویستییە , گەندەل دەبێ. بۆئەوەی ڕەخنەکانیشمان لەمڕووەوە جێوشوێنیان دیار و ڕاشکاوانە بن دەمی ووتنەکانمان ئاڕاستەی ئەو دوو دەستەبژێرە دەکەین مانایان بۆ ئەو گەندەلە هەیە خۆشەویستی دوچاربووە هەروەها ئەو پرۆسەی بەشمەکبوونەش تاکی ئافرەت ڕووبەڕویبۆتەوە. چونکە تەنیا لە مالی سیاسی و ڕۆشنبیرانا (نووسەر, ڕۆژنامەوان, ئەکادیمکەر...هتد)

بۆمانڕووندەبێتەوە چەند ئافرەتی کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل بەشخوراو و زەلیل و هەلەخەلەتێنراوە.

لەبەرئەوەش لە کۆمەلگەیٚ کۆلاپس و گەندەل, بۆنموونە کوردستان, سیاسەتکردن, بڕیاری سیاسی و ئابووری بەدەست پیاوەیە بۆیە ئافرەت هەبوونەکەی هێمای دەبیٚ. ئەلبەتە هێمایەکەشی لەچوارچێوەی ئەو سیاسەتە گەندەلاوی و قەبەلیە (خێلەکیە) دەبیٚ سەرانسەری دامودەزگاکان دەگرێتەوە. لەمڕووەشەوە زۆر دورناڕۆین گەربلێین ئەو سیاسەتە گەندەلە سیستەمی خاترانە دروستدەکا و ئەم سێستەمەش کارلەسەر لێشاوی و باوەڕ بە ژیندەری ئافرەت  نەکا لەکاتی بەخشینەوەی پۆستدا. واتە پیاو , پیاوە سیاسی یان ڕۆشنبیرەکەی کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل, هەمیشە لەیارێکی درۆئامێزدایە لەتەک ژیندەری ئافرەت . ئەم لایەنە کە دەرگا لە پرۆسەی بەشمەکبوونی ئافرەت دەکاتەوە ئافرەت لەناو گشت بوارەکانی ژیان زەلیل و بیٚ هێزدەکا. چونکە کەمتوانای سیاسی ئافرەت ڕەنگدانەوەیٚ گەورەی بەسەر گشت ئەو دامەزراوانەوە (خێزان, بواری پەروەردە..هتد) هەیە ئافرەت خۆی تیادەبینێتەوە. ئەم بینینەش لائیێمە خۆی لەسەر ئەو بیرۆکەیە دادەمەزرێنیٚ کە بەمجۆرەیە: ئافرەت لە کابینەیٚ سیاسیدا دەسەلاتدار نابیٚ کە لە سەدا زۆرینەی سیاسیەکانی چەند ژنێکیان هەیە و یان کەس شتیٚ ئەوتۆ لەسەر ژیانی خێزانی ئەم کەسانە نازانیٚ و بۆشی نییە بەڕەسمی ئەو دەستدرێژییە سێکسییانە باسکا ئەو پیاوانە پێیهەلدەستن کە بەڕوالەت سیاسەتکاری دەولەتن و لە زۆربەی دامودەزگا حکومیەکانیشا عەقلی بەڕێوەبردنن. بۆیە وایبۆدەچین ئەو غەدرەی لەناو کورد , و بەتایبەت لەناو سیاسی و ئەمجار ڕوناکبیرانا , لە ئافرەت , وەکیتریش لە خۆشەویستی, دەکریٚ لەناو خەلکە سادەکەش هەر ئەوەندە دەکریٚ. هۆیئەمە چییە؟ هۆی ئەمە ناکریٚ وەک گشت جاریٚ بدرێتە پال ئاین چونکە ئەوەندەی خەلکە عیلمانیەکە زولمکەرن لە ئافرەت و گالتەکەرن بە خۆشەویستی هەر ئەوەندەش ناعیلمانیەکان. لێرەوە دەمانەویٚ شۆڕببینەوە نێو ئەو باس و لایەنانەی دۆزی بەشمەکبوونی ئافرەت ڕاڤەدەکەن بەلاٚم لەسەر بناغەی ئەم تێزە: ""چەند دۆزی ئافرەت ناساغ و دەردەدار بیٚ هێندەی ئەوەش خۆشەویستی لەکەدار دەبیٚ و ڕوو لە گەنیوی و گەندەلی دەنیٚ"". بۆیە ئەو پێوەندیەی ئافرەت بە خۆشەویستیەوە دەبەستی بەو هەل و مەرجانەوە پابەندە چەند ئافرەت لە بەتاکبوونی خۆی گەیووە و چەندیش کار بۆ سڕینەوەی زۆرداری و توووندوتیژی دەنیٚ. کەواتە پێوەندیەکان بەمجۆرە دەبن: گەندەلبوونی خۆشەویستی زیان لە کەسێتی ئافرەت دەدا, هەروەها تێکچوونی کەسێتی ئافرەت واتە دروستبوونی گرفت لەبەردەم بەتاکبوونی ئافرەت. ئەمانەش بەسەریەکەوە مانایان بۆ بەرزبوونەوەی ڕادەی توندوتیزی دەبیٚ بەرامبەر بە ژیندەری ئافرەت.

کەواتە لەم بەشەی نووسینەکەمان دەمانەویٚ ئەو کێشە کۆمەلایەتیانە تایبەت بە دۆزی تاکی ئافرەتی کورد بەرباسکردنخەین کە بوونە بە دیاردەهایٚ کۆمەلایەتی ترسناک و خۆشیان وەک کێشەهایٚ کوردی پووخت نیشاندەدەن. هەروەها ئەو دیتنانەی لێرەوە باسدەکرێن لەو دیتنانەن لە نووسین تایبەت بە ئافرەتی کورد بوونیادینەگرتووە ئەمەشوادەکا لەسەرێترەوە ئەم نووسینە نووسەرایەتی ئافرەتی کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل بخاتە ژێرپرسیارەوە. چونکە نووسەرایەتی ئافرەتی کوردی کۆمەلگەی ناوبراو بەردیبناغەی بۆ هێنانەکایەوەی لۆژیکیٚ یاخییانە دانەمەزراندووە و هەنگاوی بەرەو ئەوەش نەبردووە ئافرەت وەک "" ئەویتر"" تەماشانەکریٚ. هۆیسەرەکیش لەمڕووەوە ئەوەیە, تاکی ئافرەتی کوردی کۆمەلگەی گەندەل هەروەک تاکی پیاوی هەمان کۆمەلگە کار لەسەر هەمان شێوازی ئەدەبی و هونەریدەکا,  واتە ئەو شێوازە هونەر و ئەدەبەیەی کار بۆ بەشتکردنی ئافرەت و خۆشەویستیدەکا. بەخۆی ئەمەشە ئەو پاڕادۆکسەی پێویستە بەرباسخریٚ و زۆربەی نووسەرانی ئافرەتی کۆمەلگەی گەندەلی کوردی دەرکیانپێنەکردووە. ئەلبەتە ئەم لایەنە و لایەنەکانیتریش کە لایسەرەوە ئاماژەی پێکرا لەمیانەی ئەم نووسینە کورتە بەجۆریٚ بەرباس دەخرێن کە بەئاسانی تێگەیشتن بەدەستەوەبدەن و بەسانایش گفتووگۆبخەنەوە.

یەکەم هەنگاویشمان بۆ ڕوونکردنەوەی بەشمەکبوونی ئافرەت, کە بەخۆی فاکتەرێ بوونیادیشە بۆ ڕوونکردنەوەی بەگەندەلبوونی خۆشەویستی , مەسەلەی باس هێنانە پێشەوەیە لەسەر دیاردەی سێکسیزم. ڕاستە دیاردەی سێکسیزم بووە بە پەتاێ جیهانی و هەڕەشەێ گەورەشە , بەپلەی یەک , لەسەر کەسێتی ژیندەری ئافرەت بەلام ئەم سێکسیزمە لە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل ڕووی تری وەرگرتووە. ئەم سێکسیزمەی کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل کە شتێ وەرگیراوە و کاریگەری کولتوورە گەورەکانی بەسەرەوەیە بەئاشکرا خۆی نیشان نادا و کۆمەلگەش نایەوێ بەڕاشکاوی دان بەبوونیا بێنێ. پیاوانی ناسراوی کۆمەلگەی ناوبراویش (پارەدارەکان, دەسەلاتدارەکان) لەبەرئەوەی چێژ لەبوونی ئەو دیاردەیە وەردەگرن نایانەوێ ڕاستەوخۆ قەلاچۆکرێ و لەلایتریش تەنیا لەناو قەبیلە و خێزانی خۆیانا نەبێ بەرەنگاری نابنەوە. ئەمان ئەمەش تەنیا لەبەر هۆی نەرێتی دەکەن نەک شتیتر. ئەم لایەنە, واتە پابەندبوونی پیاو لە کۆمەلگەی گەندەل و کۆلاپس بە شتە نەرێتیەکانەوە ,کە بەشێ زۆر لەو شتە نەرێتییانەش سەرچاوەێ ئاینییان هەیە, لەپشت زۆربەی ڕووداوەکانی ئەتک و کوشتنی ئافرەتانەوەن.

وێرای ئەوی ووترا سێکسیزم, واتە ئەوەی سێکس دەبێ بە گشت شتێ و دۆزی ئافرەت لە گشت بوار و دامودەزگاکانی کۆمەلگە دەستیشان دەکا, بکوژی سەرەکی خۆشەویستییە و فاکتەرێ بنەڕەتیشە بۆ تێکدانی واتای بەئافرەتبوون کە بەخۆی ئەم واتایە مانای گەورەی لەژیانی خۆشەویستیا هەیە. هۆیئەوەش ئێمە بەمجۆرە بایەخ بە دەربڕینی سێکسیزم دەدەین بۆئەوەدەگەڕێتەوە سێکسیزم سەرەتایە بۆ گەیشتن لە ئوبژێکتبوونی (بەشتبوونی) ئافرەت و هەروەها دیاردەی سێکسیزم تێکدەری پێوەندی عیشقی نێوان ئەو دوو ژیندەرە دژە جەمسەرەشە (واتە نێر و مێ) کە هێز بە بەر خۆشەویستیدا دەکەن. ئێمە خۆشەویستی, پێوەندی عیشقی نێوان نێر و مێ , لە بابەتی سێکسی دووناخەینەوە چونکە لەجەوهەری خۆشەویستیدا ,کە دوو ژیندەری جیاواز پێکیدێنن , سێکس هەمیشە ئامادەیە و خۆشەویستیش بێ سێکس ناکارێ بژی بەلام گشت خۆشەویستی, یان ئەو پێوەندیەی نێر و مێ هەر دوو بەجووتە دروستیدەکەن, لە سێکسیزم بریتی نییە. بەواتێ تر, لەناو خۆشەویستییا سێکس ئامادەیە چونکە سێکس ڕێکخەری ئەو پێوەندیە سروشتیەیە پیاو و ژن سازیدەکەن بەلام هەموو خۆشەویستی لە سێکس و بەس بریتی نییە. ئەوی ئافرەتیش بێ و لە سروشتی ژیندەری خۆی بەچاکی گەیشتووبێ ئامادەنیە سێکسیزم بە ئەویندار (خۆشەویستی) بگۆڕێتەوە چونکە ئافرەت باش لەوە حالییە کە لە ماهیەتی ئەویندارییا سێکس بوونی هەیە بۆیە پێویستی بەوەنیە ئەویندار لاوەکیکا بەلام لە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل بەپێیئەوەی فاکتەرەکانی بەشتبوونی ئافرەت جیاوازە ئەمە وادەکا ئافرەت بەقەدەری میتافیزیکی خۆی قایلبێ و لەئاست نا-دادپەروەریە ژیندەریەکان بێدەنگ و سەرکزبێ. ئەمەش دەرئەنجامێ زێدە سروشتیە کە ئافرەت لەمجۆرە کۆمەلگانەدا بەقەدەری میتافیزیکی خۆی ڕازیبێ. هۆیسەرەکی ئەم ڕازیبوونەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە نا-دادپەروەری ژیندەری لەمجۆرە کۆمەلگانەدا بەرهەمی ڕاستەوخۆی نا-دادپەروەری ئابوورییە. نا-دادپەروەری ئابووریش بەرهەمی ئەو گەندەلە سیاسییەیە ئەندازیارانی سیاسی کۆمەلگەی ناوبراو بەرهەمیدێنن. ئەمەش لۆژیکێ تابلێی هەرزان و ناشرین دروستدەکا چونکە ئەو ئافرەتەی بیەوێ بێتەگۆ دەبێ لەتەک ئەو ئەندازیارانەدا هەمیشە لە خۆچواندنابێ. ئەم لایەنەش دۆزێ گەندەلاوی دروستدەکا و پرسی ئافرەت دەکا بەشتێ خاترانە و هەرجارەی ئەندازیارێ لەو ئەندازیارانە ئاوڕیلێدەداتەوە. بۆیشە چارەسەرکردنی کێشەی ئافرەت وەک مەسەلەی سەدەقەی لێهاتووە و هەرجارەو هەبوویێ سیاسی ئاوڕیلێدەداتەوە. کێشەکەش لەم جۆرە کۆمەلگانە لەمحالەتانەدا لەوێدایە ئەو ئافرەتەی بیەوێ دەم لە کێشەی ئافرەت بدا ئەوا دەبێ خەریکی خۆسازاندن بێ لەتەک سیاسیدا. بۆیە ئافرەتە نووسەرەکان لە کۆمەلگەی گەندەل دەیانەوێ خۆیان لە سیاسیەکان نزدیککەنەوە لەلاێ بەمە مشەخۆری خۆیان ئەنجامدەدەن و لەلایتریش خۆیان دەکەن بە سیمبۆلی ڕۆشنبیری کۆمەلگەی

ناوبراو. بۆیە کاتێ هەر شارە و حیزبێکی دەبێ یەک دوو سیاسیش ئیبرازدەکا و ئەمەشوادەکا یەک دوو سیمبۆلی ئافرەتیش دروستکا. ئەمەشکارێوادەکا شتێ نەبێ ناوی توێژینەوە بێ بەلکو لەبڕیئەوە چەندکەسێ نووسینی قەسیدەئامێز لەسەر دۆزی ئافرەت دەنووسێ و هیچ یەکێکیش لەو ئافرەتە قەسیدەنووسانە قەسیدەکەی ئەویتر ناخوێنێنەوە و تێبینی و سەرنجیشی لەسەر نادا. ئەمە هەموو کۆلاپسەکە نییە بەلکو دلۆپێکە لەو کۆلاپسەی ئافرەت لە کۆمەلگەی گەندەل تیایدەژێ.

بۆزێدە ڕوونکردنەوەی ئەو چەند ووتنەی لایسەرەوە دەمانەوێ ئەوەش بلێین کە, ڕاستە ئەوەی ئافرەت دەبێ بە هێمای سێکسی ئەمە کارێ گلوبالی گەورەی بۆدەکرێ و ژیندەری پیاویش لەمڕووەوە بەرپرسیاری ڕاستەوخۆیە بەلام ئافرەت بەخۆشی لەهەندێ دۆز و هەلومەرجدا فاکتەرێکە بۆ بەردەوامبوونی ئەم دیاردەیە. لە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەلیش ئەم لایەنە بە ووردی دەردەکەوێ. چونکە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل کۆمەلگەی نێرە و یان سەردەسترین ژیندەر(ڕەگەز) لەم کۆمەلگەیە ژیندەری پیاوە. بەواتێ تر هیچ کۆمەلگەێ هێدەی کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل پیاو تیایا بەهێز و دەسەلاتدار نییە. بەلام پیاوی کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل جۆرە پیاوێ تایبەتە. ئەم پیاوە کە پیاوێ زەبرباز و توندخوازە ئەمەی لەئاکامی بوونی بە دەسەلاتەوە بەدەستهێناوە نەک شتێتر. بەواتایتر, پیاوی کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل کارێزۆر بۆ مانەوەی خۆی وەک سیمبۆلی ئازایەتی و پارەداری دەکا بۆیە ""ئەم "" ئەم سیمبۆلە تائەوپەڕی بەکاردەبا و سوودێ زۆریش لە کەنەفتی ئافرەت و تێکچوونی شیرازەی خۆشەویستیش وەردەگرێ. بەپێیئەوەی پیاوی گەندەلی کۆمەلگەی ناوبراو زانیاریێ قوول و بەرینی لەسەر کەسێتی ژیندەری بەرامبەری نییە بۆیە ئەوەی نایەوێ تێیگا ئەرکەکانیەتی بەرامبەر بەو ژیندەرە و دورکەوتنەوەشیەتی لە واتای خۆشەویستی. بەلام لەبەرئەوەی پیاوی گەندەل لە گەلێ لە بوارەکانی ژیان بەخۆشی لەلایەن ژیندەری خۆیەوە دەچەوسێتەوە بۆیە ئەم قەد بیرلەوەناکاتەوە لەبەرامبەر ژیندەری ئەویتر واز لە بەسیمبۆلبوونی خۆی بێنێ. مەبەستمان, لەبەرئەوەی کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل کۆمەلگەی ژیندەری نێرە ئەمە وایکردوە نەک هەر ژیندەری  ئافرەت تیایا لاواز و سەرکزە بەلکو بەشێ زۆر لە پیاوانیش لەم کۆمەلگەیە بێهێز و پەراوێزن بەڵام ئەمە هەرگیز واناکا پیاوە پەراوێزەکانی کۆمەلگەی ناوبراو لەبەرامبەر ژیندەری بەرامبەریانا یەکسانیخواز بن. ئەمان (واتە بەشێ لە پیاوانی کۆمەلگەی گەندەل و کۆلاپس) لەبەرئەوەی بەخۆیان بەشخوراون دەبایە زۆر مەیلی یەکسنییان هەبایە بەلام حەیف لەم جۆرە کۆمەلگانە ئەوەی گرفتە نەبوونی جۆرەکانی یەکسانیە و بەتایبەت یەکسانی لەنێوان ژیندەرەکانا. بچووکترین نموونەش لەمڕووەوە ئەو کۆمەلگە دیکتاتۆری و دیسپۆتیستیانەیە کە بەبێ جیاوازی گشت ژیندەرەکان وەک یەک تیایا دەچەوسێنەوە و لەژێرهەڕەشەی زەبر و توندوتیژی دەسەلاتە زۆرداریەکانا دەبن. بەدلنیایشەوە زۆردار و دیکتاتۆریش هەمیشە ژیندەری نێرە و , نێر ئەندازیاری ئەو زەبر و قەتلوعامانەشە لە کۆمەلگەدا پیادەدەکرێن. لەمڕووەشەوە هەلەناکەین گەربلێین شەڕە ناوخۆکانی کورد پاش ڕاپەڕین , شەڕەبراکوژییەکانی کورد سالانی پارتیزانی , نازی و ستالینی و فاشیستە مۆسۆلۆنی و بەعسیەکان نموونەی بەرچاویین لەسەر ئەوەی دەیلێین. لەم حالەتەشا و بۆ پتر ڕوونکردنەوەی ئەوی ووترا دەکرێ باس لە ڕووداوی ئەنفال و هەلەبجە کرێ کە چۆن هێزە دیکتاتۆری و مەرگخوازەکان گشت ژیندەرکانیان بەبێ جیاوازی سەرنگوومدەکرد.

بەپێی ئەوی ووتمان, دیکتاتۆرەکان لەو ڕووداوانەدا بەهوشیاریەوە کاریان  بۆ پۆلکردنی ژیندەرەکان کردووە و ئەمەشیان لەسەر هەندێ بناغە کردووە. بۆنموونە ئافرەتی لاویان هەر زوو کوشتووە ئەمەش بۆئەوەی ڕێگا لەزیادبوونی منال دروستکردن بگرن و , هەروەها تاپێیاندەکرێ کوڕی لاویشیان سەرنگوومکردووە ئەمەش بۆئەوەی توانای ئەو هێزە شۆڕشگێڕیە کەمکەنەوە پشت بە ژیندەری پیاو, پیاوی لاو, دەبەستێ. ئەلبەتە ئەم کوشتن و سەرنگوومکردنانە منال و ساواشی بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی ژیندەر گرتۆتەوە. شتێکیش کە لێرە

مەرجە بیرنەچێت ئەوەیە هێزە دیکتاتۆریەکان بەگشتی پیاون و سەر بە ژیندەری نێرن بەڵام لە لەناوبردنی نەیار و نا-دۆستەکانیانا هیچ جیاوازێکیان لەنێوان ژیندەری نێر و مێدا نەکردووە. ڕووداوەکانی ئەنفال و هەڵەبجە کە دوو نموونەی بەرچاوین لەسەر ئەوەی دەیلێین گەلێ لە وێنە و بیرۆکەکانی ئەم ڕووداوانە سەرچاوە لە قەتلوعامی(ژینۆساید) جووەکانەوە هەلدەگرێ کە لەلایەن نازیەکانەوە پیادەکراوە. چونکە نازیەکان پێیان وابوو جووی پیاو و ئافرەت جیاوازیان نییە و لەبەرئەوەی هەردوو بەبێ جیاوازی جوون هەربەبێ جیاوازیش دەبێ بکوژرێن. ڕاستە نازیە هیتلەریەکان بۆ سڕینەوەی نەیارەکانیان سلیان لە هیچکەس و شتێ نەکردۆتەوە بەلام لێرە نابێ ئەوەمان بیرچێ, بۆچوونی نازیەکان بۆ ئافرەت لەڕیشەدا ئەوپەڕی نێربازی و پیاوسالاری تیایە. ئەمەو یەکێ لە نەرێتە زۆر پیسەکانی نازیزم ,کە ئێستاش لەگەلێ لە کولتووورە سیاسیەکانا شوێنپێی ماوەتەوە, ئەوەیە کە ڕەگەزی ئافرەت بۆ نازیەکان بریتی بووە لە هێمایێ بۆ منال بەخێوکردن و سەرپەرشتیکردنی چێشتخانەی مالەوە. بۆیە دایکێ مەزن لای نازیەکان ئەو دایکەبووە منالێ(کورێ) زۆری ببێ کە ئەمەش واتە جەنگاوەرێ زۆری ببێ چونکە نازیەکان پێیان وابوو سروشتی ئافرەت بەجۆرێ بوونیادیگرتووە کە دەبێ مالەوە بکا بە دالدەی خۆی و پیاویش بۆئەوە دانراوە سیاسەتبکا و یان لە کارگەکانا کاربکا و هەروەها ببێ بە جەنگاوەر لە بەرەکانی شەڕ دا. ئەلبەتە لەزۆر ڕووشەوە کۆمۆنیزمیش هەمان تاوانی دەرهەق بەئافرەتکردوە بەلام بەجۆرێ تر. بۆنموونە بۆ کۆمۆنیزم (بۆ ستالینیەکان) ئافرەت واتە ئەو دایکەی مەگسیم گۆرکی باسیلێوەدەکا. ئەوەش بەتەبیعەت یان دایکێ تێکۆشەر و شۆڕشگێڕە, یانیش دایکێ کرێکار و زەحمەتکێش. واتە دایک شانبەشانی باوک لە بەرەی جەنگ و لەناو حیزب و لە کارگەکانا دەبێ تێکۆشێ. ئەو دوو ئایدیۆلۆژیا تۆتالیتاریە (نازیزم و کۆمۆنیزم), کە هەردوو ڕۆلی خۆیانیان لە بەشتکردنی ئافرەت و سڕینەوەی سوبژێکتی (خودی) ئافرەتدا دیوە ,ئەمڕۆ و تاڕادەێ وێنە و شێوەی کارکردنەکانیان لە بەرهەمهێنانی پرۆسەی بەشتبوون و سڕینەوەی ژیندەری ئافرەت لە هەندێ لە کۆمەلگە هاوچەرخەکانا و بەتایبەت لە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەلدا, بۆنموونە کوردستان, بەووردی بەرچاودەکەون. بەلام لێرە دەبێ ئەوەمانبیربێ کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەلی کوردی کەمتر ئایدیۆلۆژییە و زۆرتر نەرێتی و ئاینیە. بۆیە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل لە بەشتکردنی ئافرەت و کردنی بە هێمایێ بۆ سێکس تایبەتێتی خۆی هەیە.ئەم لایەنە کە پاشتر ڕوونکردنەوەی زێدەتری دێتەسەر داوامانلێدەکا ئەوەش بلێین کە, لە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل لەبەرئەوەی دەسەلات لە دەست پیاوە, واتە لەبەرئەوەی دوو بوارە هەستیارەکە بەدەست پیاوەوەن (بواری سیاسەت - ئابووری و بواری ڕۆشنبیری) بۆیە بەتەبیعەتی حال ئافرەت لاواز و پەراوێز و کەنەفتشەخسیەت دەبێ. بەمجۆرە لەبەرئەوەی باوک یان مێرد سیاسی و ڕۆژنامەوانە (یان ڕۆشنبیری ناو خێزانە) و هێزە مادیەکەشی لەژێردەستە بۆیە دەتوانێ زۆربەی بڕیارەکان لەمالەوە و لەدەرەوەش ئەم بیدا. ""ئەم"" کە هێمای نەک تەنیا هێزێ کلاسیکە بەلکو هەروەک ووتم ""ئەم ""لەبەرئەوەی بابێ یان مێردێ ناوڕۆشتووە بەکەسێ عاقل و دونیادیدە بۆیە گشت خەلک ڕووی لە دەمی ""ئەمە"" و ئەوی ""ئەم"" دەیلێ پێوانەیە. بەلام ئەم لایەنە نابێ واتەماشاکرێ کە دیاردەێ تازەیە و گەندەل و کۆلاپس لەتەک خۆی هێناویەتی بەلکو ئەم لایەنە دەبێ واتەماشاکرێ کە ترادیسیۆنێ (نەرێتێ) ئاینی و کۆمەلایەتی لەپشتەوەیە و بەلام کۆمەلگەی گەندەل و کۆلاپس زۆرترین وەبەرهێنانی تیادەکا. لەمڕووەشەوە تاوانی دەستەبژێری سیاسی و ڕۆشنبیری کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل ئەوەیە کە داهێنان لەو ترادیسیۆنە دەکا پێش خۆی کاریگەر بووە. بەمجۆرە پاراستنی ئەم ترادیسیۆنە لەلایەن ئەندازیارانی گەندەلەوە, مەبەستمان هەر لە نووسەر و ڕۆژنامەوان و سیاسی گەندەلەوە بگرە تادەگاتە کاسبکار و ئەکادیمیکەری گەندەلیش, ئەوەی ناومانناا تاکی ئافرەت دووچاری گرفتدەکا و کارئاسانیش بۆئەوەدەکا ئافرەت بەئاسانی ببێ بە شمەک و ئامرازێکیش بۆ تێرکردن. لێرەوە ئافرەتیش بەخۆی تاڕادەێ دەکەوێتە ناو یارێکەوە کە زۆر بەهوشیارییەوە بەو دۆزە قایلدەبێ کۆمەلگەی گەندەل بۆیئامادەدەکا کە

بەخۆی ئەم کۆمەلگەیە تابلێی ژیرە لەوەی بەشێوازێ مۆدێرن کار لەسەر نەریت و دۆگماکان بکا. سەیرەکەش لەوەدایە بەشێ زۆر لە ئافرەتانی ئەم جۆرە کۆمەلگانە کە وەک تاکێ گرفتار دێنەناو یاریەکەوە بۆهەمیشە وەک شتدەمێننەوە و ئەوەی خەیالی نادەنێ سوبژێکتی خۆیانە. ئەو نەختە ئافرەتە نوسەرانەش کۆمەلگەی گەندەل ئومێدی پێیانە لەڕادەبەدەر بەهوشیاریەوە کەوتونەتە بۆسەی ئەو گەندەلەی سیاسیەکان دروستیانکردووە. ئەمان(ئافرەتە نووسەرە گەندەلەکان). ئەمەدەکەن چونکە پێویستیان بە ئبیرازەبوونە. گەورەترین عیلەتی ئەو ئافرەتە نووسەرانەش ئەوەیە چۆن ئیبرازبن بەلام ئەمانە لەوە تێناگەن کە ئبرازبوون لە کۆمەلگەی گەندەل لەلایێ ئاسانە و لەلایێتریش ناواخن پووچ و گەندەلە. بەڵام لێرە نابێ ئەوەمان لەبیرچێ بەشێ هەرە گەورەی بەگرفتاربوونەکەی ئافرەت پێوەندی بەو مێژووە میتافیزیکیەوە هەیە ئافرەتی بە پیاوەوە بەستووەتەوە. ئەو مێژووە میتافیزیکیەش لەگەلێ ڕوەوە لە دیاردەی ئەو سێکسیزمەش بەرپرسیارە ئافرەت ڕووبەڕوویدەبێتەوە. ئێمە لێرە ڕەخنەی میتافیزیک بەوجۆرە ناکەین کە مەبەستمان دابڕینی ئافرەت بێ لە پیاو یان پیاو لە ئافرەت , ئێمە کە تێگەیشتنێ ئەفلاتوونی بادیویانەمان (مەبەست لێرە ئالێن بادیوە) بۆ پێوەندی نێوان ئافرەت و پیاو هەیە ئەوەمان بەلاوە گرینگە ئافرەت لە بەتاکبوونی خۆیبگا و خۆشی وەک فاکتەرێ بنەڕەتی ناو پرۆسەی پێوەندی و خۆشەویستی تەماشاکا. ئەم دیتنەش کە سەرچاوە لە دیتنێ فەلسەفیانەی ئەفلاتوون_ بادیو وە هەلدەگرێ خۆی لەو تیۆری خۆشەویستیە دەبینێتەوە کە بەمشێوەیەیە: ئافرەت و پیاو پێکەوە , واتە وەک دوو جەمسەری جیا, ئەو شتەی پێیدەلێن پێوەندی خۆشەویستی (دلداری) دروستدەکەن. ئەمەش مانای ئەوەیە ئێمە باوەڕمان بەم دوو ژیندەرەیە لە سازکردنی پێوەندی بەتایبەت پێوەندیێ وەک خۆشەویستی کە شتێ کەم نییە و ڕۆلێ گەورەشی لە باشکردنی گەلێ لە فۆڕمەکانی تری پێوەندیە مرۆیەکانی تر هەیە. بۆئەوەی ئەم لایەنەش لەم بەشەی نووسینەکەمان تایبەت بە دۆزی بەشمەکبوونی ئافرەت و گەندەلبوونی دیاردەی خۆشەویستی(ئەویندارى) زێتر ڕوونکەینەوە دەمانەوێ لایخوارەوە ووتن لەبارەی باری حۆشەویستی (دلداری) لە کۆمەلگەی هەنووکەی کوردی بێنینەپێشەوە.

بەخۆی ئەو باس هێنانەپێشەوەیە بەجۆری قوول و درێژ نییە بەڵام سەرپێی و سادەش نییە چونکە لە میانەی ووتنەکان باس لە ئێستای بینینی کوردی بۆ خۆشەویستی دەکەین و ئەو تەنگوچەلەمانەش بەرباسدەخەین دێتەپێش , بەقەولی بادیو, ""ڕووداوی خۆشەویستی"" و ئەمجار ژیندەری(ڕەگەزی) مێی , یان تاکی ئافرەتی, کورد. بۆئەومەبەستەش دەلێین , تەنیا شوێن و بوارێ کە بە چڕی لە کۆمەلگەی کوردی تازە باس لە خۆشەویستی دێنێتەپێشەوە یان بابلێین خۆشەویستی بیرنەچۆتەوە و بەبەردەوام واتای خۆشەویستی کاوێژیدەکاتەوە بواری شیعر و هونەری کوردیە یان بەگشتی ئەدەبی کوردیە. بەلام ئەم ئەدەبەش لەگەلێ ڕوەوە بەرامبەر بە دیاردەی بەکالاکردنی ئافرەت و بەشتکردنی خۆشەویستی و لەکەدارکردنی سوبژێکتی ئافرەت تاوانبارە. هۆی ئەوەش زۆرە و بەکورتی دوو هۆ دەستیشاندەکەین. هۆی یەکەم ئەوەیە ئەدەبی تازەی کوردی پێچەوانەی ئەدەبی کلاسیکی کوردی , کە خاوەنی ناسنامەێ دیاریکراو بووە, نەک هەر ناسنامەدار نیە بەلکو نەبووە بەخاوەنی خۆشی. واتە ئەدەبی نوێی کوردی هەر بەناوە کەشی دیارە دەیەوێ تازە بێ بۆیە یەکەم شت کە دەیکا هەولیەتی بۆ خۆجیاکردنەوە لەوی ووتراوە ئەمەش وایلێدەکا نەک هەر خۆی نەبێ بەلکو یەکەم شت کە دەیەوێ بیکا لاسایکردنەوەی ئەدەبە تازە گەورەکەیە کە ئەوەش ""ئەدەبی ئەویترە"" کە بەڕەچەلەک ئەدەبێ ڕۆژئاواییە. ئەم ئەدەبەش ئەو ئەدەبەیە کە دوژمنی باوەگەورەی ئەدەبی کلاسیکە. ئێمە لێرە مەبەستمان لە ئەدەبی تازەی (نوێی) ڕۆژئاوای ئەو ئەدەبە هێجگار تازەیەیە لەم سێ دەیەی دوای لە ڕۆژئاوا لە نەشونمادایە کەبەخۆی ئەدەبێ هەتابلێی سینیست و سوفستاییە و ئەدەبی کوردی نوێش بێسنوور لاسایدەکاتەوە. ئەم جۆرە ئەدەبە کە بەباوەڕی ئێمە زیانی لە واتای خۆشەویستی داوە سوبژێکتی ئافرەتی بەرەو بەشمەکبوونیش بردووە. چونکە جەوهەری ئەم

ئەدەبە هێجگار تازەیە ئەوەیە کە خۆی لەسەر پۆرنۆگرافی (خەلاعی, ڕووتوقووتی) ڕادەگرێ. تارمای ئەم جۆرە ئەدەبەش کەمتازۆر کەوتۆتە ناو ئەدەبی تازەی کوردیەوە و لەماوەی ئەم یەک دەیەی ڕابردوو ئەدەبی کوردی خەریکە دەبێ بە ئەدەبێ ئیرۆتیکی و بەشداریخۆشی لە بێماناداركردنی واتای خۆشەویستی و واتای ئافرەتبوون هەیە. ئەم ئەدەبە کە دژ بە سوبژێکتی ئافرەت دەجوولێ ئەدەبێ پیاوانە و نێرخوازانەیە.

بۆزێتر ڕوونکردنەوەی ئەو چەند تێگەیشتنەی دوایمان ئەوەش دەلێین, ئەدەبی نوێی کوردی کە ئەدەبێ تێکەل و ناهارمۆنیە غەدرێ زۆری لە ژیندەری ئافرەت یان لە کەسێتی ئافرەتکردوە. ئەدەبی تازەی کوردی کە لاسایێ بێوێنەی ئەدەبی ڕۆژئاوا دەکاتەوە کاری خەریکە دەبێ بە تێکدانی پێوەندی نێوان نێر و مێ. ئەدەبی نوێ کوردی کە بەبێ ئاگای نووسەرەکانیەوە کەوتۆتە ناو پاڕادۆکسەکانی (موفارەقاتەکانی) ئەدەبی توندڕەوی فێمینیزی ڕۆژئاوایەوە ئەدەبێ ناحەزە و چاوی بە ڕێکخستنی پێوەندی نێوان نێر و مێ هەلنایێ. لەمڕوەشەوە دیسانەوە ئۆبالی ئەوە دەکەوێتە سەر شانی ئەو نەختە پیاوە نووسەرە کوردانەی لەڕێگای چیرۆک و شیعرە ئیرۆتیکیەکانیانەوە دەیانەوێ باس لە زولمی ئافرەت بکەن بەلام موغەفەلی ئەو نووسەرە پیاوانە لەوەدایە کە بەهەلەکەوتوونەتە دامێنی یارییێکەوە کە هەرگیز نایانەوێ تیایابەشداربن. واتە ئەم جۆرە پیاوە کوردانە نایانەوێ هیچکات باس لە زولمی ئافرەت بکەن بەلکو ""ئەوان"" بەهەلە کەوتوونەتە ناو ئەم باسکردنە و , ئەو هەلەیەش شێوازێکی لە نووسین بەسەریانا سەپاندوە نائاگایانە دەستیان داوەتێ و لەژێرکاریگەرییا کارەکانیان بەرهەمدێنن. هەربۆنموونە ئەو ""چیرۆکنووسە کوردەی"" بەبێ هیچ بناغە و هۆیکی لۆژیکی لە گشت بۆنەکانا باس لە مەزنی مێ دەکا و بەبێئاگایەوە ژیندەری (ڕەگەزی, جنسی)خۆی ڕیسوا دەکا , ئەلبەتە لەڕێگای هێرشکردنەسەر مەلا و سیاسی, مەبەستی ئەوەنیە لە ژیندەری خۆی بێزار و پەشیمانە یان ڕەخنەگری ژیندەری خۆیەتی بەلکو ""ئەم چیرۆکنووسە "" ئەمە تەنیا لەبەرئەوەدەکا وەک بیرمەندی مێیەکان ناوی بڕوا. ئەمە کە بەشی یەکەمی هەقایەتەکەیە بەشەکەی تری ئەوەیە ""ئەم چیرۆکنووسە"" دەیەوێ ""ئەدەبێتر"" لەڕێگای بەشتکردنی ئافرەتەوە بهێنێتەناو دونیای ئەدەبی کوردیەوە. واتە ئەم دەیەوێ ئەدەبێ چیرۆکنووسی تەواو جیا لەوی هەیە لەڕێگای ڕوتکردنەوەی ئافرەت و بە پۆرنۆگرافیکردنی واژە و گوزارە بەرهەمبهێنێ. بەڵام ئەگەر بفەرمووین و بڕۆینە ناو مال و خێزانی ئەم جۆرە کەسانەوە ئەوەمان بەباشی لایەقیندەبێ لایسەرەوە باسمانکرد. چونکە لەمالی ئەو جۆرە کەسانە نێر و مێ بەپێی دەستووری کۆمەلایەتی کۆمەلگە سەرەتایەکان نەک بەپێی ئەو تێکستە گەندەلانەی ئەم جۆرە قەلەمبەدەستانە دەینووسن , کە لەڕێگای درۆوە دەیانەوەێ ""شتێتر"" و جیا بەرهەمبهێنن, پۆلکراوە. ئەمەش هەقیقەتی زۆربەی مالی ناوبراو بە توێژی ڕۆشنبیرانە جا ئەوانە ڕۆژنامەوان بن یان ئەکادیمیکەر , نووسەر بن یان کولتوورۆلۆژ. لێرەشەوە دەتوانین بەو نهێنیە ئاشنابین کە لە مالی ڕۆشنبیرانا پەنهانە. چونکە بەشتبوونی ئافرەت و بەئامرازیبوونی خۆشەویستیش لەم مالانە مانا و ماهیەتی ئەو تێکستە یان ئەدەبە بێ شایان دەکا کە بەرهەمی زەین و گەرووی ئەم جۆرە نووسەرانەن یان ئەو توێژەن کە باس لە داپلۆسینی کۆمەلایەتی ژیندەری ئافرەت دەکا. تێکستیش کە بەمجۆرە بەرهەمبێ , واتە لە تێکستدا نووسەرە پیاوەکانی کۆمەلگەی گەندەل شیوەن بۆ ئافرەتکەن و وەکیتر لەناو مال و لە دامەزراوەکانیتری ناو کۆمەلگە ئافرەت ژێردەست و بێدەنگکەن, ئەوا تێکست لە ژیان جیادەکرێتەوە و تێکست دەبێ بە شتێ سەرووی ژیان ئەمەش شتێ ئەستەم و هەلەیە. دەلیلیشمان لەسەرئەمە ئەو ڕۆشنبیرە گەندەلانەیە لە نووسین و کۆروکۆبوونەوە کانیانا تابلێی ناسک و هێمنن و وەکیتریش لەناو خێزان و لەپێوەندیان لەتەک هاوسەرەکانیانا تابلێی توندڕەو و دەجالن. ئالەم حالەتانەدا ئێمە بەو هێپۆتێزە (گریمان) دەگەین کە بلێیین: تەنیا و تەنیا ئافرەت بەخۆی دەتوانێ لەسەر دۆزی خۆی بێتەگۆ. چونکە تەنیا ئافرەتان دەتوانن بە ڕۆشنبیرە, ئەلبەتە سیاسیشە, درۆزن و گەندەلەکان بلێن ""نەخێر تۆ لە ژیانی ڕۆژانەتا و لەناو مال و خێزانەکەت بەوجۆرە نیت کە لە نووسین و کۆروکۆبوونەوەکانا

گوزارەی لێدەکەی"". ئێمە دەزانین ئەم ڕاستگۆییە ,کە تەنیا ئافرەتان دەکارن بەرهەمیبێنن , کارێ ئاسان نیە و پێکدادانێ ژیندەری گەورەشی لێدەکەوێتەوە گەر ئافرەتان ژیرانە و لێهاتووانە ڕەفتارنەکەن. هۆیەوەش ئەوەیە لە کۆمەلگەی گەندەل و کۆلاپسا, وەک کوردستان , دەسەلاتی سیاسی و ڕۆشنبیری بەدەست پیاوەوەیە و بۆیە ئافرەتان زەرەرمەندی یەکەم دەبن گەر لە ڕوبەڕوبونەوەکانیانا کارلەسەر بنەماکانی یاخیبوونێ لۆژیکییانە و گفتووگۆیێ هێمنانە نەکەن.

ئێمە لەڕێگای ئەو ڕەخنە سمبۆلیەوە کە لایسەرەوە بەرچاومانخست نامانەوێ داکۆکی لەو تێزە بکەین کە سالانێ لەمەوبەر نووسەری ناسراوی فێمینیستەکان ژولیا کریستیڤا پشتگیریلێدەکرد کە گوایە بۆلەمەولا تەنیا ئیعتیبار بۆ ئەو نووسینانە دەکرێ دانرێ کە ئافرەتان بەخۆیان دەینووسن. ئەلبەتە ئەوەشی ناونا""نووسینی مێیانە"".لێرەش نموونەیێ زیندوو دێنینەوە کە ڕاستی ئەم مەسەلەیە ڕووندەکاتەوە.

چەند سالێ لەمەوبەر لە شاری ستۆکهۆلم قاوەخانێ بەناوی""قاوەخانەی فەلسەفی"" دروستبوو کاری ئەم قاوەخانەیە ئەوەبوو مامۆستایان و توێژەرەوانی بواری فەلسەفە بۆ گفتووگۆ لەسەر شتە ڕوناکبیریە هەنووکەیەکان میواندارییکا. ئێوارەێ خانمێکیان بانگهێشتکردبوو کە بەتازەگی لە تێزێ دکتۆرانامەکەی لەسەر"" باخێتی ژولیا کریستیڤا"" بووبووەوە. ئەوی ئەو خانمەسویدیە ئەو ئێوارەیە لەبارەی کریستیڤاوە ووتی هەر ئەوەبوو کە ئێمە لایسەرەوە ووتمان و بەخۆی هەر ئەوەشە کە کریستیڤاش دەیلێ بەلام ئەوەی بۆ ئێمە گرینگ بوو بەگوێی ئەو خانمەی دا بچرپێنین ئەمەبوو کە مەبەستیشمانە لەگەل بۆچوونەکانمان لەم ڕووەوە تێهەلکێشیکەین:

ئێمە بەو خانمەمان ووت تێزەکەی کریستیڤا بەجێیە بەلام بە دوو مەرج. مەرجی یەکەم ئەوەیە ووتنەکەی کریستیڤا ڕێگا لە ئاڕاستەهاێ فێمینیستی توندڕەو نەکاتەوە چونکە ئەم جۆرە ئاڕاستانە لەتوانایانە دوژمنایەتی بخەنە نێوان ژیندەرە جیاکانەوە(واتە ژیندەری نێر و مێ) کە بەداخیشەوە ئەم جۆرە ئاڕاستانە هەن و بەزیادیشەوە. مەرجی دووەمیش ئەوەیە نووسینەکانی کریستیڤا کارێ ئەوتۆنەکەن پشت لەو تێکست و هزرانە کرێ کە پێنووسی پیاوە سیپییەکە( یان ئەسمەرەکە) بەرهەمیدێنێ. ئەمەو ئەوەشمان پێووت: ئێمە دەزانین کریستیڤا باس لە سوبژێکتێ(خودێ) غەدرلێکراو دەکا و لەمڕوەشەوە مێژووی کولتووری ڕۆژئاواش بەوە تاوانباردەکا ئەم غەدرەی پیادەکردوە و لەگەلێ لە بوارە داهێنانیەکانیشا (ئەدەب, هونەر, فەلسەفە, ئاین) کاریلەسەرکردوە بەلام لێرە نابێ ئەوەمان لەبیرچێ کە کریستیڤا بەخۆی سوودێ زۆری لە بۆچوونی بیریارە پیاوە ڕۆژئاوایە هاوڕێکانی (شتراوس, دێریدا, گۆلدمان, لاکان , بارت و هاوسەرەکەشی , واتە ڕۆمان نووس فیلیپ سولرێز, ) وەرگرتوە و شۆڕشێ لۆژیکی پێچەوانەشی لێدروستکردووە.

بەپێی ئەو دیتنانەی لایسەرەوە کە تایبەت بە کێشەی سێکسیزم ووتمان ئێستا لە دونیادا ئەدەبێ, یان هونەرێ, لە نەشونمادایە کاربۆ بەشتکردنی واتای خۆشەویستی و مانای بەئافرەتبوون دەکا. ئەم ئەدەبە کە هێزیخۆی لە مێدیای بازاڕی ڕازاوە و بەتوانای سەرمایەداری گلوبالەوە وەردەگرێ بێچووی لەناو گشت کۆمەلگە و کولتوورەکانا داناوە. کۆمەلگەی کۆلاپسی کوردیش کە وتاری ڕوناکبیریەکەی بەزۆری بەرهەمی گەرووی خۆی نییە تائەوپەڕی کەوتۆتە ژێرسیحری ئەم مێدیایەوە. ئەمەش بۆئێمە مانای ئەوەیە نووسەری کورد لەبەردەستخستنی تێکستی گەندەل , ئەو تێکستەی هیچ بەهاێ بۆ سوبژێکتی ئافرەت دانانێ, بەرپرسیارە. ڕاستە گەلێ لە نووسەران ناویان واڕۆشتووە ( هەروەک ئەو چیرۆک نووسەی لایسەرەوە باسکرا ) بەتەنگ کێشەی ئافرەتانەوە دێن بەلام لەڕاستیدا ئەوان دەیانەوێ لەڕێگای دیتنە ئەدەبی و ڕۆژنامەوانیە گەندەلەکانیانەوە ستاتۆسێ کۆمەلایەتی بۆخۆیان دروستکەن. ئەم لایەنەش ( واتە دروستکردنی ستاتۆسی کۆمەلایەتی لەڕێگای نووسینەوە) یەکێکە لە خەوشەکانی وتاری ڕۆشنبیری کوردی و زیانێ زۆریشی لە کردەی نووسینی نوێی کوردی داوە و کارێواشیکردوە خوێنەران متمانەیان بەوەنەبێ دەیخوێننەوە. بۆیە ئێمە وایبۆدەچین ئەو یاخێتییەی

بۆلەمەولا تاکی ئافرەتی کورد دەتوانێ پێیهەلستێ دوو شتە. یەکەم ئەوەیە کە نەک هەر ئەو ئەدەب و هونەرە کوردییە نەخوێنێتەوە بەشداری لە بەشتکردنی ئافرەت دەکا بەلکو ڕەتیشکاتەوە. دووەمیش ئەوەیە کە نووسەری ئافرەتی کوردی ئەمڕۆ پێویستە کودەتای لۆژیکی لە شێوازی نوسەرایەتیەکەیدا بەرپاکا. چونکە ئەم دوو شتە ڕێگا لەو بەربەریەتەش دەگرێ لەڕێگای نووسینەوە ئەنجامدەدرێ. چونکە ناماقوولیە ئەو نووسەرە کوردانەی ناویان وەک جنێوباز و شەرفرۆش ڕۆشتووە نووسینەکانیان لەلایەن ژیندەری ئافرەتی کوردەوە بخوێنرێتەوە. یان دەبەنگییە ئەو تێکستە ئەدەبییانە لەلایەن ئافرەتانەوە بخوێنرێتەوە کە ڕەوانبێژیگەریی بەسەر وشەی سۆزانییەوە دەکەن.

بۆئەوەی بێینەوە سەرئەوی ماوەێ پێشتر تایبەت بە شمەکبوونی ئافرەت لە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل باسمانکرد دەمانەوێ لەوێوەوەسەرەتابێین کە, یەک لەو تێبینیانەی دەبێ لەم بەشەی نوسینەکەمان و تایبەت بە دۆزی گرفتاوی ئافرەت باسکرێ مەسەلەی بێباکی ڕۆشنبیرانە لەم بەشەی کۆمەل (واتە ژیندەری ئافرەت). چونکە توێژی ڕۆشنبیری (نووسەران, هونەرمەندان, ڕۆژنامەوانان و..هتد) کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل لەتەک ئافرەت هەمیشە لە یاریێ دوانەیدان. بۆنموونە نووسەر یان سیاسی لە کۆمەلگەی ناوبراو ڕەفتاری مالەوەی لەتەک ئافرەتەکەی زۆر لەو ڕەفتارانەی جیایە لە دەرەوەی مالەوە لەتەک ئافرەتێ تر دەیکا, جا ئەوە کەسێ هاوکاری بێ یان ناسیاو یان نەدیونەناس. هەروەها ئەم نووسەرە یان سیاسییە لە شوێنە گشتیەکانا (بۆنموونە لەو شۆێنانەی خەلکێ زۆری لیێکۆدەبێتەوە , بۆنموونە لە سمینارێ یان ڤستیڤالێ , یان لەو شوێنانەی خەلکێ زۆر ئەو شتە دەیبینن یان دەیخوێننەوە , بۆنموونە لە لێدوانێ ڕۆژنامەوانی یان تەلەفزیۆنی )تابلێی ڕەفتار جیا و تایبەتە ئەمە بۆ ئێمە تەنیا نیشانە نیە لە مونافقی ئەم نووسەرە یان ئەم جۆرە دەستەبژێرە بەلکو , ئەگەر چاک لێووردبینەوە, نیشانەیە لەسەر ئەوەی کە ئەوە تەنیا ڕەگەزی پیاوە خەریکی موناففقییە. ئەمەش وادەکا پیاو لە کۆمەلگەی گەندەل هەمیشە دیسپلینخوازبێ و خۆی وەک بەرپرسی گشت شتێکی ئافرەت نیشاندا.. وەکیتریش ترسی پیاو لە ئافرەت لەوێوەدەستپێدەکا کە ڕەگەزی پیاو کێشەێ میتافیزیکی و سروشتی هەیە ئەمەش بەتەبیعەتیحال وایلێدەکا بەردەوام قەید و شەرت لەسەر ئافرەت دانێ. بەلام ئەم لایەنە لەئەمڕۆدا تەنیا لە کۆمەلگەی گەندەل ماوەتەوە. واتە تەنیا لەم جۆرە کۆمەلگانە پیاو سەرگەرمی سنووردارکردنی گشت ڕەفتار و هەلسوکەوتێکی ئافرەتە.

سەربارێئەوی ووتمان دەمانەوێ ئەوەشبلێین,لە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل حەساسیەتی نێوان ئافرەت و پیاو دەگاتە لوتکە و ڕەفتاری دوالیستی (دوانەی) پیاویش تابلێی ڕەوت و ئاراستەی نا- مرۆی و نا-ڕەوشتی وەردەگرێ. ئەم (واتە پیاو) لەبەرئەوەی لە کۆمەلگەی ناوبراو پتر لە ژیندەری ئافرەت گەندەلترە هەربۆیشە هێزدارترە. ئەم وەک پیاوێ ئەو گەندەلی و کۆلاپسە زەمینەێ سیمبۆلی ئەوتۆی بۆدروستکردوە زال و براوە دەردەکەوێ. بەڵام هەروەک ووتیشمان لەبەرئەوەی ژیندەری پیاو ئەو هێزە سروشتیەی تیا نیە دەستبەرداری ئافرەت بێ هەمیشە لە تەلە نانەوەدایە بۆ ئافرەت و ئەمەش تەنیا بۆ زێتر مسۆگەرکردن و قۆرخکردنی کەسێتی ئافرەتە و بەس. هەروەها لەبەرئەوەی لە هەناوی گەندەلیا, مەبەستمان لە ژیانی گەندەلا, پێشبڕکێیێ زۆر بێمانا و نا- ڕەوشتی گشت کەرت و بەشەکانی ژیانی گرتۆتەوە ئەوەی پێدەووترێ پێوەندی خێزانی ئەمیش ڕووی لە گەندەلی و دارمان کردووە. خۆی ئەم لایەنە تەنیا بە کۆمەلگەی گەندەلەوە نەبەستراوەتەوە بەلکو پێوەندیێ زۆری بەو ئاراستە ئابووریخوازییەشەوە هەیە جیهانی نوێی گرتۆتەوە. واتە پێوەندیێ خێزانی ڕاستەقینە و بێگەرد , پێوەندیێ بتوانێ پێوەندی ناو خێزان یان پێوەندی نێوان ئافرەت و پیاو بپارێزێ ڕووی لە کزیناوە و تەنانەت بووشە بەمەسەلەێ ئیندڤیدوال (تاکی) چونکە سێستەمی ئابووری و سیاسی سەردەم ڕێگرێ گەورەیە لەبەردەم ئەم هیوایە بەتایبەت پاشئەوەی ئەم سیستێمە ڕۆلێ گەورەی دیووە لە کردنی خێزان بە کارگەێ بچووک

و ئەوینداریش بە بەرهەمێ پیشەسازی ئەبستراکت یان بە بەرووبومێ کە تەنیا لە هونەر و ئەدەب. دا یادکرێتەوە. ئەلبەتە لەوێش (واتە لە ئەدەب و هونەرا) خۆشەویستی وەک بابەتێ لە سێکسیزم بەرباسدخرێ نەک شتێتر. ئەمەش بەزۆری لەبەرئەوەی لە ڕۆژئاوا ئەدەب و هونەر دەمێکە خەریکی بەشتکردنی کردەی خۆشەویستیە و خودی خۆشەویستیش لەئاکامی ئەم پرۆسەیە دەمێکە لەوەکەوتوە خۆی لە سێکسیزمێ پووخت جیاکاتەوە. جا لێرە زۆرئاسایە ئێمە بلێین"" مال لەخۆی نەبوو میوانیش ڕوویتێکرد"". مەبەستمان لەبەکاربردنی ئەم قسە نەستەقە کوردیە ئەوەیە ئافرەتی هەندێ کۆمەلگە بەخۆیان بارخوار و دۆزوێران و بارناهەمواربوون بە بوونی کۆمەلگەش بە کۆمەلگەی گەندەل و ئەمجار بوونی ئەم کۆمەلگەیەش بەبەشێ لە بازاڕی دڕی سەرمایەداری جیهانی مەسەلەی ئافرەت و پێوەندی ئافرەت بە پیاو و شوێنی لەناو خێزان و خێزانە گەورەکە (واتە کۆمەلگە) تابلێی بەشمەکاوی تربوو..

لایەنێ تر کە دەشێ لێرە و تایبەت بە ڕوخسارەکانی کۆمەلگەی گەندەل و کۆلاپس تایبەت بە دۆزی ئافرەت بەرباسخرێ ئەوەیە لە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل گشت شتێ بەدەست سیاسی و هاوشێوەکانیەوەیەتی کە توێژی ڕۆشنبیر بەشێکە لێی کە ئەمانەش بەتەبیعەتی حال پیاون. بەڵام ئەمان وەک پیشەی هەمیشەیان لەگەل گشت بەرامبەرێکیانا لە زۆرترین وازیدان. وازی ئەمانە لەم حالەتە لەتەک ئافرەت بریتیە لە پەرەدان بە پرۆسەی بەشتکردنی.ئافرەتان. ئەمانەش بۆئەوەی ئەمە ژیرانەبکەن ماوەی جارێدێن و یەک دوو سیمبۆل دروستدەکەن تا بەمە ئەو وێنەیە لە ڕووخساری کۆمەلگە کۆلاپساوی و گەندەلەکەیان بریقاویکەن کە ئافرەت نیوەی کۆمەلە و ئافرەت لە دامەزراوە مەدەنیەکانا , کە کانگای گەندەلییە, ئامادەبوونی هەیە. بەخۆی هەقایەتەکە وانیە. ئەسلی هەقایەتەکە بەجۆرێترە. چونکە ئایدیۆلۆژیستانی, یان ئەندازیارانی, کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل دەیانەوێ ئەو لەکە کۆمەلایەتیەی هەمیشە بە تەوێلی ئەم کۆمەلگەیەوەیە, کە شوێنی بە ئافرەت نەبەخشیوە , بسڕنەوە بۆیە جارجارە دێن و وەک سەدەقە , نەک لەڕوانگەی پێویستی و لەهەستی بەرپرسیاریەتیەوە, چەند پۆستی بەسەر ئەم ئافرەت و ئەو ئافرەت دا دەبەخشێننەوە. بەلام حەیف ئەوانەی بەمجۆرە دەبن بە سیمبۆل دەکەونە ناو یارێکەوە ئەلبەتە لەڕێگای ئەو یاریەوە پێشبڕکێ لەتەک گشت ئافرەتانی کۆمەلگەکەی خۆیانیشا دەکەن و وەکیتریش نەکهەر بەو بەسیمبۆلبوونە قایلدەبن کە پێیاندەبەخشرێ بگرە ئافرەتانی ناوبراو, کە دواتر ئەمانیش دەچنەڕیزی ئەندازیارانی گەندەلی کۆمەلگەی ناوبراوەوە, دژبە ژیندەری خۆیان دەوەستنەوە و, بەتایبەت دژایەتی ئەو پۆلە ئافرەتە پێنووس بەدەستە نازدارانەش دەکەن خۆیاننەخستۆتە ناو هیچ یارییێک لە یاریەکانی کۆمەلگەی گەندەلەوە. ئەو ئافرەتە گەندەلانەی بەمجۆرە ستاتۆسی کۆمەلایەتی دروستدەکەن نە لە موعاناتی ژیندەری خۆیان دەگەن و نەش دەتوانن لە فرتوفێلەکانی پیاوە گەندەلەکە(بەتایبەت سیاسیەکە) بیێنەقسە. ڕاستە لە کۆمەلگەهایێکی وەک کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل تابلێی ئافرەت پێویستە ژیندەری خۆی بەرچاوخا و لەوڕێگایەشەوە ئەوەش نیشاندا کە کەسێ تەواوە و تەواوکەری ئەو تاکەشە کە پێکەوە , تەنیا پێکەوە, جووتێ پێکدێنن بەڵام گرفتی ئەم تاکە (واتە ئافرەت) زۆر جار دوانەیانەیە. لەلاێ دژی سیاسەتی بەشتبوونی ئافرەت, واتە خۆی, دەوەستێتەوە کە ئەوە تابلێی پێویست و ماناداره بەڵام لەهەمانکاتدا زۆرێک لە هەنگاوەکانی ئەم جۆرە ئافرەتانەی بەم کارە هەلدەستن ئەوە نیشاندەدەن کە بەخۆیان مەیلێزۆریان بۆ ئەو بەشتبوونە یان بەشمەک بوونە هەیە کە کۆمەلگەی ناوبراو بەرهەمیهێناوە. خۆی ئەمە دەقاودەق لە ڕەفتاری ئەو ڕۆشنبیرەی کۆمەلگەی گەندەل دەچێ کە لە مالەوە بە فیز و ئیشارەت لەتەک هاوسەرەکەی قسەدەکا و وەکیتریش کە قەسیدەێ یان چیرۆکێ دەنووسێ بە هاوسەرەکەی یان ئەوینەکەی پێشکەشی دەکا. ئەم ڕووداوە لە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل جار نیە دەبارە نەبێتەوە.بۆیە ئەو ئافرەتە ڕۆشنبیرەش بۆئەوەی بۆ ئەو دەوروبەرەی خۆی بسەلمێنێ کە ئەم هەیە و حسێبی بۆکراوە دێ و دەستدەخاتە دەستی زۆربەی سیاسی و ڕۆشنبیرە گەندەلەکانی کۆمەلگەوە. ئەم

ئەمەش لەسەرئەوبناغەیە دەکا گوایە ئەم کار بۆ گۆڕینی دۆزی ئافرەت دەکا. هەرلێرە و تایبەت بەم لایەنە ئەوەشبیردەخەمەوە کە , لەبەرئەوەی کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل تابلێی ترسناکە و پڕیشە لە دیاردەی زێدە پاڕادۆکسال و دوالیستی بۆیە ئافرەتی گەندەلی ئەم کۆمەلگەیە یان ئەو ئافرەتە ڕۆشنبیرە گەندەلەی دەبێ بە سیمبۆل زۆر بە زەحمەت لەو سیاسی و یان ڕۆشنبیرە گەندەلە دەکرێ جیادەکرێتەوە بووە بە یەکێ لە ڕێگرەکانی پرۆسەی نەشونمای ئەو کۆمەلگەیە.

بۆیە وایبۆدەچم ناشێ ئەوەمان بیرچێ کە کێشەی سەرەکی بەشتبوونی خۆشەویستی و بەشمەکبوونی ئافرەت لە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل هەر ئەمە نیە و تەنیا ڕوناکبیرانی پیاو لەمڕووەوە بەرپرسیار نین بەلکو کێشەکە چەند جەمسەری و فرەئاقارە. واتە چەند توێژ و لایەنێتریش لە پرۆسەی ئەم بەشتکردن و بەشمەککردنە بەشدارن.

کەواتە لێرەوە دەکرێ بێینە سەر ئافرەتی ڕۆشنبیری گەندەل, ئەو ئافرەتەی دەبێ بە ئەندامی یەکیەتی گەندەلان و شانبەشانی پیاوە گەندەلەکە سامانی نەتەوە لووشدەدا. ئێستاش لە کوردستان نموونەێ زۆرمان لەم جۆرە ئافرەتانە هەیە کە بەهۆی نووسینی چەند سەروتارێ یان ڕیزە تێکستە شیعرێ بوونە بە مۆرانە و چوونەتە جەستەی نەک تەنیا هاوژیندەرەکانیان و تاپێیاندەکرێ دەیخۆن بەلکو چوونەتە جەستە گەورەکەشەوە, واتە کۆمەلگا , و تاپێیاندەکرێ ئابووری ئەم کۆمەلگەیە دادەڕزێنن. ئەم ئافرەتە گەندەلانە, کە پێچەوانەی ئەو ئافرەتە بەرێزانەن کۆمەلگەی ناوبراو تەپاندونی, خەونیان شیعرنووسینە و تەکنەلۆژیای ئەمانە ئەدەبە و بەو ئەدەبەش ڕۆشنبیریێ گەندەلی ئەوتۆیان هێناوەتەکایەوە تابلێی سوودیان لێوەرگرتوە و چەورترین نانیشیان پێدەستکەوتووە. ئەمانە کە دوژمنی ژیندەری خۆیانن زۆر بەوریایەوە خۆیان کردوە بە بەشێ لەو دەستەبژێرە ڕوناکبیریە گەندەلەی هیچبەهایێکی بۆ ژیندەری بەرامبەری نیە. ئەلبەتە لەبیرمان نەچێ لەم کوردستانە داماوە ,کە مۆزەخانەی گشت جۆرەکانی تراژیدیایە , ئافرەتە ڕۆشنبیرە هزر گەندەلەکان بەهۆی ئەم تراژیدیایانەوە بازاڕیان هێجگار گەرمە و لێزانیشن لە لاواندنەوەی ئەو تراژیدیایانە (مەبەستم تراژیدیای ئافرەتە ئەنفالکراوەکان, ئافرەتەکوژراوەکان, ئافرەتە ترسێنراو و تۆقێنراوەکان). جا ئەو ئافرەتە ڕۆشنبیرە گەندەلانەی بەهۆی زۆرنووسین و بەلێشاو بلاوکردنەوە بوونە بە هاوشانی پیاوە سیاسی و ڕۆشنبیرە گەندەلەکە خۆیان بە لاواندنەوەی ئەو تراژیدیایانەوە سەرقالدەکەن لەو مۆزەخانەیەدا هەیە و لەمڕوەشەوە دێن ئەو بەشە لە تراژیدیایە دەلاوێننەوە کە بە ژیندەری ئافرەتەوە تایبەتە ئاخر ئەمان ئەمە نەکەن نە دەتوانن مونافەسەی پیاوە گەندەلە ڕۆشنبیرەکەی هاوڕێیانبکەن و نەش دەتوانن بۆ هەمیشە سیمبۆل بن. بۆیە پسپۆڕیەکە دابەشدەبێ و پیاوە گەندەلەکە لە پیاوی ئەنفالکراو و شەهیدیهەلەبجە دەدوێ و ئافرەتە ڕۆشنبیرە گەندەلەکەش لە ئافرەتی ئەنفالکراو و شەهیدی هەلەبجە دەدوێ. ئەوەش کە چ پیاوە ڕوناکبیرە گەندەلەکە و چش ئافرەتە ڕوناکبیرە گەندەلەکە بیریلێناکەنەوە ئەوەیە کە لێکدانەوەێکولتووری و شیکردنەوەێ دەروونناسیانە لەبارەی ئەو تراژیدیایانەوە.ئەنجامدەن.

لایەنێتر کە تایبەت بە گەندەلیبوونی خۆشەویستی و بەشتبوونی ئافرەت شایانی تێرامانە ئەوەیە ئێمە کە نەوەی لاس و غەزال , شیرین و فەرهاد, خەج و سیامەند, و یان مەم و زینین نەدەبایە لەتەک ئافرەت ڕەفتارگەندەلبین. ئێمە کە هەندێ لە ڕەفتارە گەندەلەکانمان لەمڕووەوە لە گۆڕانە کۆمەلایەتی و کولتووریە سەردەمیەکانەوە وەرگرتوە ئەم وەرگرتنانە زۆر ئاوەژوو و پێچەوانانە بەکاردەبەین و, لەبەرئەوەی وەک گشت نەتەوەکانی سەرزەویش پەیوەندیمان بە کلاسیکی خۆمانەوە نەماوە و گشت شتە تازە و نوێکانیشمان لا باش و چاک و نایابە دەبێ چاوەڕوانی گۆڕانی کولتووری و کۆمەلایەتی لەوەزیاتربین. پێشمانوایە, ئەوی گشت مرۆڤایەتی نوێشی لەڕووی گۆڕانی کولتووری و کۆمەلایەتیەوە یەکخستوە نە ئاینە و نەش فەلسەفە هەروەها نە زمانە و نەش کولتوور بەلکو چاخی زانیاری نوێیە. ئەم چاخە کە بەدوامانەوەیە لە هەرکوێبین بەرهەمهێنەری

گشت دیاردە سەیر و غەریبەکانە. چاخی زانیاری نوێ یان تەکنیکی تازە کە یەکماندەخا و ڕێکیشمان دەخا بەوجۆرەی مەبەستیەتی بەئارەزووی خۆشی فرێماندەداتە ناو گەرووی تەنیای و دابڕانی کۆمەلایەتی و ڕۆحیەکانەوە. واتە ئێمە بەبێ ئاگای خۆمان لەتەک یەکا کۆک و ناکۆ دەبین هەروەها بەبێ هەوەسی خۆشمان کردار و هەلسوکەوتمان دیاریدەکەین. ئێمە ئەمە دەکەین چونکە تەکنەلۆژیای زانیاری نوێ مەیلی لەسەرە. تەکنەلۆژیای تازە ئەوەندە زال و سەرنجڕاکێش و کاریگەرە لە گرینگی و هێزداری هەموو هونەر و ئایدیۆلۆژیا و ئاینێکی بردۆتەوە. ئەم تەکنەلۆژیا نوێیە کە بەرهەمهێنەری ڕەوشت و ئاکارێ تایبەت بەخۆیەتی تائەوپەڕی بالادەست و گۆڕانکاریهێنەرە. تەنیا ئەو کولتوور و کۆمەلگانەش دەکارن لەتەکیا هەلکەن کە بەرهەمیانهێناوە. ئەوانەی تەنیا کاریان بەکاربردنی تەکنەلۆژیای ناوبراوە و گشت ژیانی ڕۆژانەیان لەسەری مشەخۆرە نە لە دووری گۆڕانەکانی ئەم تەکنەلۆژیایە دەگەن و نەش دەکارن خۆیان لەتەکیا بگونجێنن. هەر دوورناڕۆین تیرۆریزمی نوێ کە لەگشت ڕوویکەوە شێوازەکانی تەکنەلۆژیای ڕۆژئاوا بەکاردەبا وەکیتر دوژمنی گەورەی تەکنەلۆژیاشە ئەمە تەنیا پاڕادۆکسێ نیە تیرۆریزم یان کۆمەلگەکانی تیرۆریزم تێکەوتووە بەلکو یەکێکە لە ناحالیبوونەکانی کۆمەلگە ناڕۆژئاوایەکان لە کۆمەلگەی دیگیتال بەلام ئەوی ئێمە لێرە دەخوازین بەکورتی سەرنجیبخەینە سەر ئەوەنیە کە چەند دیاردەی بەدیگیتالیبوونی ژیان کاریگەری بەسەر پێوەندیە کۆمەلایەتی و کولتووری و تەنانەت ئاینی و ڕۆحیەکانەوە بەجێهێشتوە بەلکو ئەوەیە چەند واتای خۆشەویستی و کەسێتی ئافرەت لەئاکامی ئەم دیاردەیەوە زیانلییێکەوتووە. هۆی ئەمجۆرە بیرکردنەوەیەش بۆ ئەو فەوزا کۆمەلایەتیە دەگەڕێتەوە تەکنیکی نوێ(مۆبایل, ئینتەرنێت, کامێرای ڤیدیۆ) لەناو کۆمەلگەی تازەی کوردی, کە کۆمەلگەی گەندەلاوی و کۆلاپساویە, دروستیکردووە. ئەم فەوزایەش چەند ترسناک بێ بەلام ئەوەی پێیدەلێن خودی ئافرەتی کورد یەکەم بوونەوەرە پریشکی ئەم ترسناکیەی پێش گشت کەس و شتێتر بەردەکەوێ. هۆی ئەوەی بۆ ئافرەت یەکەم پریشکی ئەو ترسناکیەی بەردەکەوێ ڕوونە بەلام  هۆی ئەوە ڕوون نییە بۆ لە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل تەکنیکیش دژ بە ئافرەتە. ئەلبەتە هۆی ئەمە تەنیا بۆ شێوەی هەلەبەکاربردنەکانی تەکنیک ناگەڕێتەوە بەلکو بۆ ئەو هێزەش دەگەڕێتەوە تەکنیک دژ بە ئافرەت بەکاردەبا. ئەم لایەنەش ڕووەکانی تەنیا لەو کۆمەلگانە زۆر دەردەکەوێ کە ئافرەت تیایا لاواز و بندەستە. چونکە لەلاێ تەکنیک وەک شتێ ناحەلال و ڕۆژئاوای تەماشادەکرێ و لەلاێتریش تەکنیک ڕێگایەکە بۆئەوەی پیاوی گەندەل ئاسانتر گەندەلی سێکسی خۆی مومارەسەکا. کەواتە تەکنیکیش لە کۆمەلگەی گەندەل لە بەرژەوەندی ژیندەری ئافرەت نیە و ئامرازێکیش نیە بۆ پاراستنی ئافرەت لە ژیندەری پیاو. واتە, تەکنیک لە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل ڕۆلێ زۆر لە بندەستکردن و قۆرخکردنی ڕەفتار و جوولەی کۆمەلایەتی ئافرەت دەبینێ ئەمەش وادەکا ڕووبەری نایەکسانیە ژیندەریەکان ببێتەوە. ئەم نایەکسانیە ژیندەریەش لە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل بەهۆی بەکاربردنی تەکنیکەوە دروستدەبێ و تەکنیک لەگەل خۆی نەیهێناوە بەلکو ئەمە یەکێکە لە داهێنانەکانی پیاوی گەندەلی کۆمەلگەی ناوبراو. چونکە هەروەک هەموو حالەتەکانی تر پیاوی گەندەل دەیەوێ تەکنیکیش تەنیا لە خزمەتی ئەو بێ و تەنیا ئەو شارەزا و بەکاربری بەروبوومەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری تازە بێ. بۆیە شتێ نائاسایی نیە گەندەلچییەکان لەسەر ئمێسئێنێ یان مەیلێ یانیش گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی کچ و هاوسەر و یان خوشک و دایکیان , کە ئەمانە هەموو ژیندەری ئافرەت پێکدێنن, بکوژن و یان تیرۆرکەن. ئەمان کە ئامادەبن زەبرخوازبن هۆ و بەهانە زۆرە بۆ پیادەکردنی ئەوە.

بەخۆی تەکنیک لەگەلێ ڕووی کۆمەلایەتی و کولتووریەوە گرفتاویە و هێنەری گەلێ فۆڕمی تازەشە لە گرفت بەڵام ئەو گرفتانە کەمتر لە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل ڕەنگدانەوەی خۆیانیان هەیە. چونکە نە دامەزراوەکانی دەولەت زۆر بە تەکنیکەوە بەستراوەنەتەوە و نەش کارگە و نێوەندەکانی توێژینەوە و پەروەردە و بەڕێوەبردن بۆیە گەلێ لەو نەخۆشیە دەروونی و کۆمەلایەتیانەی مرۆڤی تازەی ڕۆژئاوا لە ئاکامی بەکاربردنی تەکنەلۆژیای

زانیاری نوێوە دووچاریدەبێ مرۆڤی تازەی کۆمەلگە غەیرە ڕۆژئاوایەکان پێیئاشنانیە. بەلام ئەو نەختە گرفت و نەخۆشیە کۆمەلایەتیانەش خەلکی ولاتانی غەیرە ڕۆژئاوای و بەتایبەت ولاتە پاشکەوتووەکان لەئاکامی بەکاربردنی بەروبوومەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری نوێوە دووچاریدەبنەوە مرۆڤی تازەی ولاتانی ڕۆژئاواش پێیئاشنانین. هۆی ئەمەش زۆر بەکورتی بۆئەوە دەگەڕێتەوە ئەو تەکنیکەی لە ولاتانی غەیرە ڕۆژئاوای بەکاردەبرێ هێنراون و بەری گەشەی زانست و زانیاری ئەم جۆرە ولاتانە نین و, ئەمەشوادەکا تەکنیک توانای گۆڕینی ڕەفتار و هەلسەوکەوت و نەرێت و خووڕەوشتی خەلکی نەبێ و خۆشی وەک ئامڕازێ زەبراوی نیشاندا.

دواتر دەمانەوێ ئەوەشبلێین کە, کۆمەلگە بەوەنابێ بە کۆمەلگەێ تەکنیکی بازرگانێ نەخوێندەواری گەندەل ویستی بازرگانی وایلێکا بڕوابۆ شوێنێ وەک دوبەی و 100 کۆمپیوتەرێ یان هەزار مۆبایلێ بێنێ بۆ فرۆشتن. لەهەموو ئەوانەش گرینگتر ئەوەیە نەبوونی هوشیاری کۆمەلایەتی لەسەر مەترسیەکانی بەهەلەبەکاربردنی بەروبوومەکانی تەکنەلۆژیای مەدەنی نوێ, کە موبایل و ئینتەرنێت بەشێکن لێی , کارێ ئەوتۆشدەکا ئاژاوەی گەورەی کۆمەلایەتی لە کۆمەلگە پاشکەوتووەکان, کە کۆمەلگەی گەندەل بەشێکەلێی, دروستبێ. ڕەنگە هەمان ئەو ئاژاوانەش لە ولاتانی ڕۆژئاواش, کە بەخۆیان بەرهەمهێنەری ڕاستەوخۆی تەکنیکی تازەن, ڕوویدا بەڵام لەبەرئەوەی گرفتی نەرێتی لەم ولاتانە بوونی نییە و ڕەفتار و خووڕەوشتی خەلک سەرچاوەێ نەرێتی و فیودالی نییە بۆیە تێکڕای ئەو ئاژاوانە یان گرفتانەی (بۆنموونە دیاردەی پێدۆفیل – منالبازی-, خەلەتانی کچی لاو و یان بەگشتی ئافرەتان لە ئینتەرنێت) لەئاکامی بەهەلە بەکاربردنی تەکنیکی نوێووە دروستدەبن ئاڕاستەی پۆلیس و دامودەزگا یاساسیەکان دەکرێن. بۆیە گەر دادپەروەری کۆمەلایەتی , نەک ویستی تۆلە و خوڕەوشتی نەرێتی و ئاغاواتی, بەسەر دامودەزگا یاساییەکانا زالبێ ئەو گرفتانەی لەئاکامی بەهەلەبەکاربردنی بەروبوومەکانی تەکنەلۆژیای زانیارییەوە دروستدەبن بەبێ ئاژاوە و بەربەست چارەسەردەکرێن. بەلام ئەم مەسەلەیە لە کۆمەلگەی گەندەل ئەستەمە بێتەدی. چونکە دەزگا یاسایەکان ,کە بەخۆیان لەسەر بناغەی نا-دادپەروەری ژیندەری کاردەکەن, ناتوانن لەو نا-یەکسانیە کۆمەلایەتی و ژیندەریە بێنە قسە کە لە کۆمەلگەدا پیادەدەکرێ. ئەمە بەخۆی هۆیکە, و هۆێ بنەڕەتیشە بۆ بەردەوامبوونی نا-یەکسانی ژیندەری لە کۆمەلگە, بەلام هەندێ هۆی تریش هەن کە بەشێکیان بنەڕتین و هەندێکیشیان لاوەکین لەوانە: ئەوانەی لە دەزگا یاسای و مافیەکانا بالادەست و هێزدارن بەزۆری پیاون و لە پیاوە گەندەلە سیاسیەکانی کۆمەلگەشن. بۆنموونە ژمارەی سەرویدادوەر و دادوەر و قازی لە کۆمەلگە گەندەلەکانا, بۆنموونە کوردستان, بەزۆری پیاون و ئەوانیش لەسەر جۆرە بنەما و تەشریعێ کاردەکەن زۆر نەرێتییە و سەرچاوەێ ئاینیشی هەیە. بۆیە دەنگی ئافرەت لەم شوێنانە زۆر کز و ناسازە. ئافرەت لەم جۆرە دەزگایانە, کە لە دەزگا نێوەندیەکانی دەولەتن , بەکەسێ سۆزاوی (عاتیفی) و نیوە مرۆڤ(نیو لەچاو پیاو) لەقەلەمدەدرێن. واتە دوو شایەتی ئافرەت دەنگی یەک شایەتی پیاوی هەیە. ئەم مەسەلەیە کە زۆر نەرێتیە و بنەچەێ ئاینی هەیە وادەکا ئافرەت لەم جۆرە دامودەزگایانەدا نەتوانێ بە مافی تەواوەتی خۆیبگا و بۆئەو مەبەستەش هەمیشە دەبێ چاوی لە دەستی پیاو بێ , پیاو وەک شایەد, وەک دادوەر و.هتد. هۆیێتری بنەڕەتی ئەوەیە کە دەزگای پۆلیس کە دەزگاێ سەرەکییە بۆ وەرگرتنی ماف و گەڕانەوەی هەق و بەسزاگەیاندنی تاوانکار لە کۆمەلگەی گەندەل بایەخ و کێشی نییە. پۆلیس یەکێکە لەو کەسانەی لە کۆمەلگەی گەندەل سامی نییە. یان پۆلیس تەنیا لای ئەو کەسانە سامی هەیە کە گەندەل نین و پشتێ سیاسی و قەبەلیان(خێلەکییان) نیە. ئەوانەی کە گەندەلن و پشتیان سیاسیەکان و یان ئاغا و دەرەبەگەکانە یان سەر بە خێزانە سیمبۆلیە ئەدەبی و سیاسیەکانی شارن ئەمانە گالتەیان لێدێ باسی شکاتی پۆلیسیان لابکەی. ئەمەو بێ سامی پۆلیس لە کۆمەلگەی گەندەل هەر بۆئەوەناگەڕێتەوە کە بنەمالە سیاسی و ئەدەبی و هەندێ خێل و تاقم تیایا هێزدارن بەلکو بەگشتی بۆئەوەدەگەڕێتەوە کە پۆلیس لەگەل هاتنەکایەوەی دەزگایتری لێپرسینەوە وەک دەزگای ئاسایش و

زانیاری(موخابەرات) ئیدی ستاتۆسی کاری پۆلیس ئەوەندە کاریگەر نییە. ئەوانەش کە سەرووی دەسەلاتی پۆلیسن (واتە دەزگاکانی ئاسایش و زانیاری) هەر بۆگیان خەلکە داماو و بێ پەناکە دانراون ئەگەرنا ئەم دەزگایانە دەبایە زۆرترین زانین و زانیارییان لەسەر ڕادەی گەندەلی و بوارە گەندەلیەکان بخستبایەتە بەردەست پۆلیس و گشت ئەوانەشیان پەلەکێش بەردەم دادگا کردبایە کە لەپال ئەو دیاردە قێزەوەنەوەن. بەلام ئەمشتانە لە کۆمەلگەی گەندەل مەحالە بەمجۆرە بێتەدی چونکە گەندەلی ڕاستەقینە ئەندازیارانی سیاسی سەرەکی ناو دەولەتن. بۆیە لەم حالەتە و لەم کۆمەلگانەدا یاسا تەنیا لەئاست ئەو کەسانە توووند و زەق کاردەکا کە بێ پشت و بێ دەرەتانن. بەلام لەم کەینوبەینەدا چی بەسەر دۆزی ئافرەت دێ و چەند تاکی ئافرەت لەمڕووەوە زەرەرمەند دەبێ ئەمە مەسەلە سەرەکیەکە نییە بۆ توێژی سیاسی یان ڕۆشنبیری.. ئەوەندەی ئاگاشمانلێبێ لەم سالانەی دوای بە هەزارەها ئافرەت زانکۆیان تەواوکردوە و دواتر بەسەر زۆربەی دامودەزگاکانی دەولەتیشا بلاوبوونەتەوە بەلام ئەمە لە ئەسلی کێشەکەی نەگۆڕیوە و هەنگاوی گەورە بۆ چارەسەرکردنی نا-دادپەروەری ژیندەری نەنراوە و بەشێ لە هۆیەکانی سەرنەکەوتنیش لەم ڕووەوە, بەباوەڕی ئێمە, بۆ خودی ئافرەتان دەگەڕێتەوە کە کۆنکرێت نائینەپەیڤین و کەسانێ گەندەل و مشەخۆریشان کردوە بە نوێنەر و قسەکەری خۆیان و بەشەکەی تریش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە گەندەلی سیاسی و ئابووری کارێوایکردوە ئافرەت لاواز و بێ دەرامەت بێ و لەکۆتایدا خۆی پێش گشتکەسێ سنوور بۆ چالاکی و جموجۆلیەکانی خۆی دانێ. ئەمەش گەلێ جەمسەری هەیە و لەگەلێ ڕووشەوە دەشێ ببینرێ. بۆنموونە زۆربوونی دەزگای مەدەنی لەم سالانە بۆ هاتنەگۆ لە کێشەی ئافرەتان, کە هەریەک لەو دەزگایانە ناونیشانێکی هەیە, بناغەێ ئەوتۆی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئافرەت دانەناوە. هۆیئەمە بۆئەوە دەگەڕێتەوە ئەو دەزگایانە ئابووریەکەیان بەجۆرێ سیاسی پەیدادەکەن و یان لەبەرئەوەی حیزبێ دیاریکراو نەک دەولەت یارمەتیان دەدا ئەمە وادەکا سەربەخۆ نەبن و خودی ئەو دەزگایەش زۆرجار وەک شوێنێ بەکاردەبرێ بۆ دەرکردنی کەوادیری سیاسی یان دروستکردنی دولبەر بۆ سیاسییەکان. لەوەسەیرتر گەلێ لەو دەزگایانەش ئەلبەتە بە دەزگای کاروباری منالانیشەوە بەڕێوەبردنەکەیان زۆرجار وەک دیارێ بە کەسێ دەدرێ ئەمەش لەبەرئەوەی ئەو کەسە ڕەنگە خێزانی فلانە شەهیدی ناوداری حیزبێک بێ یان فیسکانە وەزیر و پیاوماقوولی سیاسی.لەم حالەتانەدا ئەو دەزگایە کە زۆرجار وەک سەنتەرێکی چالاکی کولتووری یان مال و یانەێکی کۆمەلایەتی خۆی دەردەخا لە هیچەگەرای و مشەخۆری زیاتر هیچ بەرهەمناهێنێ. ئەم جۆرە کارانەش نەک هەر ڕۆلیان لە بەشمککردنی ئافرەت گەورە دەبێ بەلکو ڕۆلێ گەورەشیان لە فەوتانی سامانی نەتەوە بەناوی چالاکی کولتووری و کۆمەلایەتیشەوە دەبێ. ڕۆژیش نییە دەیەها هەقایەتی سەیر سەیر لەسەر گەندەلی ئەم جۆرە شوێنانە نەبیسین و ,یەکەم وێنەی گەندەلیش کە لەسەر ئەم جۆرە هەقایەتانە دروستدەکرێ ئەوەیە کە ئافرەت بەدەستی خۆی ئافرەت ڕیسوادەکا. بەلام بەخۆی وانیە. چونکە ئەو ئافرەتە گەندەلانەی ئەو جۆرە چالاکیانە دەبەنە ڕێوە ئامرازێ بێکەلکی دەستی سیاسیە گەندەلەکانن کە دەیانەوێ بەهۆی چەند سەنتەر و یانە و مالێکەوە ,کە چالاکی گەندەل و دارِماو بەرهەمدێنن , کۆمەلگەی مەدەنی دروستکەن.

لایەنێ تر کە تابلێی پێویستە لەم بەشەی نووسینەکەمان سەبارەت بە گەندەلیبوونی خۆشەویستی و بەشمەکبووونی تاکی ئافرەت بەرباسیخەین ووتنێ کورتەلەسەر دیاردەی تیرۆریزم و کاریگەری ئەم لایەنە بەسەر خۆشەویستی و سوبژێکتی ئافرەتەوە. لەمڕووەشەوە بۆئەوەدەچین کە خۆشەویستی لەو کۆمەلگانەی تیرۆریزم بەخێو دەکا لە ڕاڕای و دلەڕاوکێیێ سۆزی و وجودیدا دەژی. تیرۆریزم کە تێکدەری پێوەندیە کۆمەلایەتیەکانە بکوژی هەرە گەورەی خۆشەویستیشە. چونکە تیرۆریزم دوژمنی باوەگەورەی ئافرەتە. کەواتە تیرۆریزم ڕێگایەکە بۆ هەلوەشانەوەی عیشق بەلام ناشبێ ئەوەمان لەبیرچێ کە تیرۆریزم بەرهەمهێنەری جۆرە عیشقێکیشە لەسەر شێوازی باوەڕی سیاسی خۆی. بۆنموونە گەلێ لە تیرۆریستەکان یان ڕیزێ ژنیان هەیە یانیش گرفتی سێکس و

خۆشەویستی وایلێکردون ببن بە جەنگاوەر. ئەمەو نابێ ئەوەشمان بیرچێ تیرۆریزمی نوێ ڕێگاێترە لەبەردەم پیاو بۆ دەرخستنی هێز و بوونی پیاو بە هێمایێ بۆ ئازایەتی. ئەمە و ئەو کۆمەلگانەش دیاردەی تیرۆریزمی تیادا لە گەشەدایە ئەو وێنەیەشی لەسەر دروستکراوە کە پیاوەکانی دڕ و بێسۆز و دژەئافرەتن. ئەلبەتە لەم ڕوەشەوە مێدیای ڕۆژئاوا و مێدیای خودی ئەو کۆمەلگانەش تیرۆریزم بەخێودەکا هەردوو بەجووتە لە دروستکردنی ئەو وێنانە بەرپرسن. دەشێ لێرە بپرسین بۆ؟ هۆی ئەمە لەلایێ دەگەڕێتەوە بۆئەوەی هەموو جارێ تیرۆریزم کە بە ئیسلام دەبەسترێتەوە ئەمە گەورەترین دەگە لە پێوەندی نێوان نێر و مێی ئەو کۆمەلگانە دەدا کە هەم ئیسلامی تیایە و هەمیش تیرۆریزم. لەلاێتریش دەگەڕێتەوە بۆئەو ڕقە زۆرەی چ ئیسلامی تازە لەلایەن خۆیەوە و چش تیرۆریزم لەلایەن خۆیەوە لە گشت شتە ڕۆژئاوایەکان هەیانە (هونەر, تەکنەلۆژیا, ئابووری, ڕەوشت) کەئەوەش کارێوایکردووە ئەو چواندن و تێکەلکردنەی لەنێوان ئیسلام و تیرۆریزم دروستدەکرێ بە ئاسانی بۆ خەلکی ڕۆژئاوای هەرس بێ. ئەمەش وەکیتر کاردانەوەی خۆی بەسەر ستاتۆسی کۆمەلایەتی ژیندەری ئافرەتی کۆمەلگە غەیرە ڕۆژئاوایەکانەوە هەیە. بەلام لەمڕووەوە دیسانەوە و وەکهەمووجارێ هەر ژیندەری ئافرەت دۆڕاو و بێ پەنایە. چونکە ئەو وێنانەی ڕۆژئاوا لەسەر ئیسلام و تیرۆریزم دروستیدەکا ئەو ئافرەتە ناڕۆژئاواییانەی دەکەونە ناو ولاتانی ڕۆژئاواوە پێیلەکەداردەبن. چونکە لەگەلێ لە بۆنەکان ڕۆژئاوایەکان لەڕێگای هەندێ ڕەفتار و ووتنەوە ئەوە بیر ئافرەتە ناڕۆژئاواییەکان دەخەنەوە کە سەر بە کولتوورێ دڕ و نێرسالارین. بۆیە ئافرەتی کورد لە هەندەرانیش باجی ئەو توندڕەوی و پیاوسالارییە دەدا لە کۆمەلگەکەی خۆیا تیایژیاوە. لەهەمانکاتدا ماسمێدیای ڕۆژئاواش لەملایەنەوە کاریخۆیدەکا و زوو زوو پیاوی ولاتانی ناڕۆژئاوای بەجۆرێ وێنەدەکا کە نەک هەر بۆئەوەی ئافرەتە ڕۆژئاوایەکان هیچ مەیلێکیان نەچێتەسەری بەلکو بۆئەوەش کە ئافرەتە ناڕۆژئاواییەکانیش حەز بەبینینیاننەکەن. ئەمەش زۆرجار مانایێ زۆری بۆ ئەو کۆنفلیکتانەش (نیزاع) دەبێ لەناو خێزانە ڕۆژهەلاتیەکانا دروستدەبێ.چونکە کە کەسێ کە لەدەرەوە وەک دڕندە تەماشاکرێی ناشێ لەمالەوە و بۆهەمیشە وەک فریشتە سێرکرێی.

لایەنێتر کە پێیمانباشە لەم بەشەی نووسینەکەمان بەرباسیخەین ئەوەیە لەئێستادا زۆر ئاسایە گشت کۆمەلگە و گرووپێکی ئیتنی یان ئاینی پێناسەی خۆی بۆ خۆشەویستی و پێوەندی نێوان نێر و مێ هەبێ بەلام ئەم مەسەلەیە وەک خۆی ناتوانێ شوێن بۆخۆی لەگشت شوێن و هەل و مەرجێ دابینکا. واتە پێناسەکان هەموو وەک یەک پۆپولێر نابن و شوێنی ڕەزامەندی گشت کولتوور و کۆمەلگەی نابن. چونکە لەگەل هاتنی کولتووری مولتیکولتووڕالیزم پێناسەکان لەتەکیەکا دووچاری پێکدادانبوونە و هەریەکە ئەیەوێ بە پێناسە و ناسنامەی ڕۆشنبیری خۆیەوە سەرگەرمبێ بۆیە ڕۆژئاوایەکان ئەم جیاوازیە لە پێناسەکردن بۆ خۆشەویستی دەبەنەوە هەندێ فالب کە لەوێڕا ئەوەندە وێنەکان تێکەلدەکرێن کە مرۆڤ لەکۆتایدا تەنیا ئەوەی بۆدەمێنێتەوە ئەو مۆدێلە لە خۆشەویستی پەسەندکا ڕۆژئاوایەکان باوەڕیان پێیەتی. ئەلبەتە گەلێکیش وایبۆدەچن ئەو مۆدێلە ڕۆژئاوایە مۆدێلێ کراوە و شەفاف و بێگەردە بۆیە لە کۆمەلگە ناڕۆژئاوایەکانا ئەم جۆرە مودێلە زوو شایانی هەلگرتنەوەیە. ئەگەر تەماشای لایخۆشمانکەین دەبینین ئەو مۆدێلە ڕۆژئاوایە هێجگار گەرایداناوە بەڵام زۆرجار ئەو مۆدێلە لەتەک شتە نەرێتیەکان بەیەکادەچنەوە و لەوبەینەش کێشە و گرفتی کۆمەلایەتی دروستدەبن کە زەرەرمەندیش لەمحالەتە هەر ژیندەری ئافرەتە. ئەلبەتە دیاردە ڕۆژئاوایەکان لائیئێمە و لەمدوایە لەژێرکاریگەری بزووتنەوە توندڕەوە ئاینیەکان دووچاری بەرەنگاربوونەوەی توند بوونە بەتایبەت و پاش بەرزبوونەوەی دەنگی دژە-ڕۆژئاوایی کە بەخۆی هەر ئەم بزووتنەوانەشن لەبەشێ زۆر لە نەشونمای توندڕەوی و تیرۆرە سیاسی و کۆمەلایەتییەکان بەرپرسیارن.

بەخۆی پشتکردن نەک هەر لە مۆدێلی خۆشەویستی ڕۆژئاوای سەختە بەلکو پشتکردن لەگشت ئەو شتانەی

ڕۆژئاوایەکان باوەڕیان پێیەتی تابلێی زەحمەت و ئەستەمە. چونکە ئەو توانایەی ماسمێدیای ڕۆژئاوا لەبەردەستیدایە زۆر بەئاسانی و لەماوەیٚ هەر زۆر کورت دەکارێ ئەوی دەیەوێ بیگەیێنێ و وەک شتێ ڕاست و باشیش لەقەلەمیبدا بەلام لە بەرامبەر ئەوە ماسمێدیای ولاتانی غەیرە ڕۆژئاوا نەک هەر ئەو شیاوییە تەکنیکیەیان لەبەردەمدانیە لەگەیاندنی وێنە و دیتنەکانیان بەلکو گرفتەکە پێش گشت شتێ ئەوەیە کەسی ڕۆژئاوای بەئاسانی و بەخێرا شتی کولتوور و نەتەوەکانی تر هەلناگرێتەوە و وەک شتێ تازە و پەسەندکراویشی لەقەلەمنادا .ئەم لایەنەش تەنیا پێوەندی بەو ڕاسیزمە زال و باوەوە نیە لە کولتووری تازەی ڕۆژئاوا یان لە کولتووری ناوبراو بە کولتووری مولتیکولتوڕالیزم پەنهانە کە دەکارێ وێنە لەماوەیٚ کورتدا لەسەر ئەویتر دروستکا بەلکو پێش گشت شتێ مەسەلەکە پێوەندی بەوەوەیە شتە غەیرە ڕۆژئاوایەکان پشتیان نیە و نەیانتوانیوە ڕێفرێنس (مەرجەع) بۆخۆیان پەیداکەن و بەئاسانی شتەکانیان ببێ بە شتی پوپولێر و هەلگیرێتەوە. ئەم مەسەلانە وەک مەسەلەی کەباب و دۆلمە و فەلافل نیین کە خەلکێ زۆریان لە ئەورووپا لەخۆ کۆکردۆتەوە بەلکو ئەم مەسەلانە تەواو جیان و شتهاێ زێدە ئالۆز و حەساسن و پەسەندکردن و پۆپولێربوونیان کاتێ زۆری دەوێ. بەتایبەت ئەم مەسەلانە پێوەندیان بە گۆڕینی ویستی کولتووری و چالاکی و ڕەفتاری کۆمەلایەتیەوەیە بۆیە درەنگ و بە زەحمەت هەلدەگیرێنەوە. بەلام شتی ڕۆژئاوا بەوجۆرە نیە و لەبەرئەوەی ڕۆژئاوا وێنەیێ زۆری لەسەر خۆی دروستکردوە و خاوەنی ئەوەیە پێیدەلێن زانست و تەکنیک ئەمە وایکردوە شتەکانی بە مەمنوونیەوە لاسایکرێتەوە و لەبەرامبەریشیا شتیتر نەکرێ دانرێ. ئەم لایەنە کە کاریگەری بەسەر نەشونمای پرۆسەی بەشتکردنی ئافرەت و تێکچوونی شیرازەی خێزان و واتای خۆشەویستیەوە هەیە, کە هەرسێش بۆ ئافرەت لە مەسەلە ماناداڕەکانن, و ڕەنگدانەوەی خۆیانیان لە کۆمەلگەکانی دەرەوەی ڕۆژئاوا بەگشتی و کۆمەلگە پاشکەوتوو و هەژار و گرفتاویەکان بەتایبەت هەیە, بەرهەمی ئەو وێنانەن ڕۆژئاوا لەسەر خۆی و ئەویتر دروستیدەکا.

ئەو ڕەنگدانەوانەش سنووری فراوانتر دەبێ کاتێ دامودەزگا نێودەولەتیەکان, کە بەرەچەلەک ڕۆژئاواین, نەکهەر لە گەندەلی سیاسی و ئابووری ئەو ولات و ناوچە سیاسییانە بێدەنگدەبن پێچەوانەی گشت ئەوی سێستەمی سیاسی و ئابووری ڕۆژئاوا کاریلەسەردەکا بەردەوامدەبن بەلکو پشتگیریشیان دەکەن و کاری بازرگانی و سیاسیشیان لەتەکا ئەنجامدەدەن. ئەم جۆرە پراگماتیەتە سیاسییەی زۆربەی ولاتانی ڕۆژئاوا پابەندن پێوەی گشت ئەو وێنە دادپەروەریئامێزی و یاساخوازیانە پووچدەکەنەوە ڕۆژئاوا لەسەرخۆی دروستیدەکا. چونکە ڕێگادانی سێستەمە سیاسیە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژئاوا, کە لە چەند ئەزموونێ سیاسی دیموکراسی جیا پێکهاتوون, بەبەردەوامبوونی نادادپەروەری کۆمەلایەتی و ژیندەری لە ولاتانی پاشکەوتوو ماهیەتی پرۆسەی ئەو دادپەروەری و دیموکراسیەتە بەدرۆدەخاتەوە ڕۆژئاوایەکان بانگەشەی بۆدەکەن. هەروەها بێدەنگی هەشت ولاتە ئابووریە پیشەسازیە گەورەکەی جیهانیش, کە زۆربەیان ولاتە ڕۆژئاوایەکانن , لە چەوسانەوەی ئابووری و بلاوبوونەوەی هەژاری و بێکاری لە هەندێ ولات و شوێن لەجیهانا , ناوەڕۆکی ئەو گەشە ئابوورییە ڕەتدەکاتەوە ئەو ولاتانە باسیلێوەدەکەن. ئەم لایەنانە کە ڕەنگدانەوەی سەرەکی و ناسەرەکی خۆیان بەسەر تێکچوونی دۆزی ئافرەتەوە هەیە لەگەل هەندێ شتیترا یەکدەگرتەوە کە سێستەمی سیاسی و ئابووری ڕۆژئاوا لێیبەرپرسیارە و لەسەرێتریشەوە ئەمە فاکتەرێ باشە لەسەر تێکچوونی واتای ئەو ئازادیەی ڕۆژئاوا نوێنەرایەتیدەکا. چونکە واتای ئازادی ڕۆژئاوا لە ولاتانی غەیرە ڕۆژئاوا تابلێی کەم ڕەخنە دەکرێ و تائەوپەڕیش لاسایدەکرێتەوە. بەلام سێستەمە سیاسیەکانی ولاتە پاشکەوتووەکان لەم ڕووەوە دوو جۆرن. بەشێکیان دژایەتی دەکەن , بۆنموونە ولاتی عێراقی جاران بەهەموو شێوەیەک دژایەتی واتای ئازادی ڕۆژئاوایی دەکرد , و بەشەکەی تریش داکۆکیلێدەکەن و تاپێیاندەکرێ لاسایدەکەنەوە, بۆنموونە عێراقی ئەمڕۆ و بەتایبەت کوردستانەکەی. بەلام ئەمانەش بەش بەشن.

چونکه بەشێ لەو ولاتانەی لاسایدەکەنەوە ئەم لاسایکرنەوەیە لەلایەن دەولەتی نێوەندییەوە لەگەل هەندێ لە توێژ و چینەکانی کۆمەلەوە بەئاکامدەگەێنرێ ,بۆ نموونە ولاتی میسری ئەمڕۆ, هەشە بەپێچەوانەوە دەولەتی نێوەندی و چەند چین و توێژێکی لایەنگری دەولەت ئەم واتایە ڕەتدەکەنەوە و زۆربەی خەلکیش بەدزیەوە لاسایدەکانەوە و بەشتێ باشیشی دەنرخێنن لەوانە دەولەتی عێراقی جاران یان ئێرانی ئەمڕۆ. بەڵام هەندێ دەسەلاتی تر هەن زۆر وابەستەی وتاری سیاسی و کولتووری ڕۆژئاوان بەلام چەند هێزێ بنەڕەتخواز لەناوەوەی ولات تائەوپەڕی دوژمنایەتی واتای ئازادی ڕۆژئاوایی دەکەن , بۆنموونە کوردستانی ئەمڕۆ.یان عەرەبستانی سعودی. لەمحالەتە ڕۆژئاوا دوو جەمسەری بەکاردەبرێ. بۆنموونە دەسەلاتی سیاسی کوردی پاش بێئومێدبوونی لەگشت ڕژێم و گشت نەتەوە هاوسێ و هاوئاینەکانی لە ناوچەکە تاکە دەسەلاتێ سیاسی کە ئەمڕۆ زۆر پشتیپێدەبەستێ ڕۆژئاوایە بەڵام ئەم ئەمە هەر لەبەرئەم هۆیە ناکا بەلکو لەبەر دوو هۆیتریش. یەکەم لەبەرئەوەی ڕۆژئاوا تێکڕای بڕیارە سیاسی و ئابووری و سەربازیەکانی بەدەستەوەیە واتە ڕۆژئاوا تاکە هێزە. هەرچی هۆی دووەمە ئەوەیە ئەم بۆئەوەی گەندەلە سیاسی و ئابووریەکەی داپۆشێ خۆی لەو تاکە هێزە یان ولاتە هێزدارە ئابووریانە نزدیکدەکاتەوە ناوێ نێودەولەتیان هەیە و لەمڕێگایەشەوە یارمەتیێ زۆر بەناوی کۆمەککردنی کوردیشەوە کۆدەکاتەوە بۆیە ئەم دەسەلاتە سیاسیە گەندەلە ئامادەشە تائەوپەڕی ڕۆژئاوایانە بیرکاتەوە بەڵام ئەم بیرکردنەوەکانی نەک هەر پڕاگماتیە بەلکو پێش هەموو شتێ بیرکردنەوەێ سیاسیانەی گەندەل و مشەخۆرانەشە. هەرچی جەمسەری دووەمە لە بەکاربردنی واتای ئازادی ڕۆژئاوا ئەوەیە کە لەمجۆرە کۆمەلگانە , کۆمەلگەی کوردی ئەمڕۆ بۆنموونە, هێزهایێ بنەڕەتی هەن دژی بەڕۆژئاوابوونی کۆمەلگەن بەلام ئەمان ئەمە تەنیا لەسەر ئەو بناغەیە ئەنجامدەدەن کە ڕۆژئاوا کۆنە دوژمنەکەی ئیسلامە و گشت شتەکانی زەندیقی و بێئیمانی لێدەتکێ هیچیتر. چونکە بەشێ زۆر لەم جۆرە هێزە یان لە ولاتانی ڕۆژئاوا دالدەێکیان بۆ ژیان دۆزیوەتەوە یانیش لەناو کۆمەلگەکانی خۆیان بەچاوێ بەرزەوە دەڕواننە شتی ڕۆژئاوایی. خۆی ڕاستە ئەم هێزە بنەڕەتخوازانە جارجارە دژی ڕۆژاوا و دژی گەندەلی دەسەلاتی سیاسی کوردیشن بەلام ئەمان لەبەرئەوەی لەسەر پرنسیپی خۆداخستن خۆیانڕادێنن لەوەبەدوورنین لە ئایندەدا گەندەلیێ تایبەت بەرهەمبهێنن. چونکە زۆربەی ئەو ئەزموونە سیاسیانەی لەسەر بناغەی بنەڕەتگەری و نەرێتگەری دروستبوونە تەنیا لەهەوای دژایەتی کردنی موراڵی ڕۆژئاوادان و بەس. هەموو ئەم لایەنانەش ئەوەی بیریلێناکەنەوە ژیندەری ئافرەتە. چونکە چ دەسەلاتی عیلمانی کۆمەلگەی گەندەلی ئەمڕۆ کوردستان و چش پێچەوانەکەی هەردووبەجووتە تاکی ئافرەتیان لەچالاکیێ ڕاستەقینە خستووە و لەوەش بەدووریانخستۆتەوە کە بەرهەمهێنەر بێ. .

ئێمە لایسەرەوە باسمان لەوەکرد چۆن مێدیای تازە, کە مێدیایێ ڕۆژئاواییە , ڕۆلی لە تێکدانی سوبژێکتی ئافرەت هەیە بەڵام ئەوەمان بەڕوونی دەستنیشان نەکرد کە ئەدەب و هونەری ڕۆژئاوا ,کە لەگشت شوێنێ و بەتایبەت لە ولاتانی گەندەلا لاسایدەکرێتەوە, مانای خۆی لە ماسمێدیای تازەدا هەیە و یان ماسمێدیا کە بارهەلگری ئەم ئەدەب و هونەرە ڕۆژئاوایە نوێیەیە بەگشت جیهانا بلاویدەکاتەوە و بەمەش کولتوور و نەتەوەهایێ زۆر دەخاتە ژێر سیحری خۆیەوە. بۆیە ئێستا ئەو ئەدەب و هونەرانە نەک هەرلەناو دەستەبژێرا گەڕایخۆیانداناوە بەلکو لەبەرئەوەی ڕێگاکانی گەیاندنی هاوچەرخ ئەوەندە جۆراوجۆر و پەلە و پێشکەوتوون گشت کەسێ و لەماوەێ هەر زۆر کورت دەتوانێ پێیبگا. ئەم لایەنەش کە لە کۆمەلگەی گەندەل گرفتی بەدەمەوەیە زۆرترین پریشکی ئەم گرفتە بەر ژیندەری ئافرەت دەکەوێ. بۆیە بەشێ لە ڕووداوەکانی ئەم چەند سالانەی دوای لە کوردستان پێوەندی بەم لایەنەوە بوو. چونکە خەلکە سادەکە زوو دەکەونە ژێر ڕکێفی کولتوور و هونەری ڕۆژئاوا و لەگەلێ بواریشا هەولی کۆپیکردنی دەدەن بۆیە ئەوانەی ناحەزی شارستانی ڕۆژئاوان ئامادەن گەورەترین کێشە لەم ڕووەوە دروستکەن.

سەرباری ئەوی لایسەرەوە گفتووگۆکرا دەمەوێ دەستبۆئەو لایەنەش ڕاکێشین, کۆمەلگەی کوردی وەک کۆمەلگەێ ڕۆژهەلاتی بە هەندێ شتی ڕۆژهەلاتییەوە ناودارە و ئەو شتانەش ,بەبێگومان, لە شتە مرۆییە سادە و خاوێنەکانن کە ئەمڕۆ لە زۆربەی هەرەزۆری کۆمەلگە غەیرە ڕۆژهەلاتیەکانا هێز و تینی نەماوە. هەروەها کۆمەلگەی کوردی تازە کە تاڕادەێ زۆر لەناو کۆمەلگەی نوێی سەردەم و دیاردە و ڕووداوەکانی ئەم کۆمەلگەیە بەباشی تواوەتەوە لەگەلێ ڕوەوە پابەندی ترادیسۆن و میراتی کۆمەلگەی پێش تازەیە و بەتەواوەتی لە گشت ڕەفتار و هەلسوکەوت و بیرکردنەوەکانی کۆمەلگەی کلاسیک جیانەبۆتەوە. ڕەنگە ئەمڕۆ ژووری گشت منال و لاوێکی کورد , جا ئەوە کیژێ بێ یان کوڕێ , لە هەندەران بژی یان کوردستان , مندالی پزیشکێ بێ یان بەقالێ , پڕبێ لە وێنەی کەسانێ بۆنموونە وەک رامبۆ, مایکل جاکسۆن, مادۆنە, شەکیرە و سپایدرمان. بەلام ئەم منال و لاوە کوردە ڕەفتار و بیرکردنەوەی لەکۆتایدا لەو منالە دانیمارکی یان بەلجیکیەی بەڕەگەز ڕۆژئاوایە جیادەبێ. چونکە ڕەفتار و هەلسەوکەوتی کەسەکان لەهەرکوێبن بەری ئەو مێژوو و ئاین و مەنتەلیتێنە(خووڕەوشت) کۆمەلایەتیەن ئەو کەسە لە زەینییا باریکردووە. بۆیە ئەو پرسیارە ئێگزیستێنتیالیستی (بووناوی) و مرۆییانەی ڕۆژانە کەسەکان لە هزر و هۆشیانا دێ و دەچێ لە لەتەک ئەو بارەی باسیلێوەکرا لە پێوەندی و کارتێکردن دەبن. بۆیە زۆرجار کە دەبیسین کەسێ کورد لە هەندەران هاوسەرەکەی یان کچەکەی خۆی کوشتووە دەبینین ئەم کەسە کەم دڕندانە لەو کەسە کوردە نەیکوشتووە نیشتەجێی گوندێ یان شارێکی کوردستانە.

بۆپتر ڕوونکردنەوەی ئەویلایسەرەوە دەلێین, مەسەلەی کوشتن و غەدرکردن لە ئافرەت شتێکە پێوەندی بە شارستانی و کولتوورەوە نیە وەک ئەوەی لەم دە سالەی دوای لە مێدیاکانی ڕۆژئاوا کرا بە کێشەێ کولتووری یان ئاینی یاخود شارستانی. چونکە ڕۆژانە لە مێدیای ولاتانی ڕۆژئاوا باس لەو پەلاماردان و شێوە کوشتنانە دەکرێ کە ئافرەتانی ڕۆژئاوای لەدەست مێردەکانیان یان عەشیقەکانیان یان ئەوی بەڕێکەوت ناسیویانە و لەگەلیا دەژین دوچاریدەبنەوە. دلنیاشم دۆسیەی پۆلیس و ئارشیفی تاوانەکان لەوڕووەوە دەتوانن زۆرترین بەلگەمان بخەنە بەردەست. چونکە مرۆپی تازەی ڕۆژئاوا تابلێی هیستری و ماندوو و بێ سۆز و بێ باوەڕە و تاوانەکانیشی زۆر نائاسای و ڕیزپەڕانە ئەنجامدەدا. نیوەی سینەمای ترسناکی هۆلیودیش, بەتایبەت ئەو فلیمە ترسناک و پۆلیسیانەی باس لە ماسمۆردەرێی (زۆرکوژی) دەکەن , خۆیان لەسەر ئەو ئەرشیفانە بوونیاددەنێن نێوەندەکانی پۆلیس لایانکۆبوەتەوە. سەیرەکە لەوەدایە ئەو فلیمانەش کە باس لە ڕاونان و ترساندن و کوشتنی ئافرەت دەکەن لای خەلکی ڕۆژئاوا تابلێی بۆ بینین سەرنجڕاکێشن و بەتایبەتیش لەناو خودی ئافرەتان.

بەکورتی لەمیانەی ئەو چەند دێڕەی لایسەرەوە ویستمان باسلەوەکەین غەدرکردن لە ئافرەت شتێکە پێوەندی بە کولتوور و شارستانیەوە نییە بەلام حەیفێ لەم دواییە ئافرەتکوژ لە مێدیای ڕۆژئاوا جۆرە لێکدانەوەیەکی بۆکرا خەلکی سەرڕەش و پەناهەندە و ئەو کەسانەن لە ولاتهاێکی دیکتاتۆری و نا- دیموکراسی و پڕ لە جەنگەوە هاتوون بۆ ولاتانی ئەوروپا. ئەو لێکدانەوانە کە بناغەێ ڕاسیستانەی (ڕەگەزپەرستانەی) هەبوو بۆچوونی نەک بۆ هەندێ شارستانی گۆڕی( گۆڕی بەرەو خراپە) بەلکو پێوەندی نێوان تاکەکانی ناو خێزانیشی گۆڕی گەر نەلێین پێوەندی نێوان ژیندەرەکانی ناو خێزانە غەیرە ڕۆژئاوایەکانی لەبنا تێکدا. چونکە مێدیای ڕۆژئاوا گورج پیاوە ئەسمەرە یان ڕەش پێستە ڕۆژهەلاتی , یان پیاوە ئەفەریقی , ئاسیاوی و لاتینئەمەریکایەکەی وەک پیاوێ دڕندە و ئەویتر کوژ یان ئافرەتکوژ و خێزان نەویست وێنەکرد. ئەم وێنانە کە لەگەل ڕووداوەکانی 11 ی سێپتەمبەری ڕەش و شووم تابلێی زیادیکرد بە باس و خواسی شارستانی و کولتووری و ئاینیشەوە تێکەلکرا. کوردیش لە هەندەران وەک گشت نەتەوەکانی تری ئاسیا یان وەک گشت سەرڕەشێ تر باجێ چاکی لەمڕووەوە دا. هۆی ئەمەش بێگومان دوو لایەنییە. لەلاێ پیاوی کورد بەخۆی لە دروستکردنی ئەو وێنانە بەشداریهەبوو. ئەوەش بە هۆی کوشتنی ڕیزێ کیژ و خانمی کوردی بێتاوان لە هەندەران لەلایەن پیاوی کوردەوە (باوک , برا و مێرد) , لەلاێتریش کەسی

کوردیش بەهەردوو ژیندەرەکەوە لە دروستکردنی ئەو وێنانە بەرپرسیارن. چونکە بێئاگابوونی ئەم دوو ژیندەرە لەوەی کەوتوونەتەناو سێستەمێ کولتوری و کۆمەلایەتی و ئابووری تازەوە, سێستەمێ کە توانای شاردنەوە و داپۆشینی پێکدادانی نێوان ژیندەرەکانی نییە هۆیێکە لەهۆیەکانی بەرەنگاربوونەوەی ژیندەری لەناو خێزانە هەلاتووەکانی هەندەران. بەلام لێرە مەبەست لە دەستنیشانکردنی هۆیەکان ئەوە نییە پاساودان بۆ ئەوجۆرە کارانە بکرێ چونکە ناکرێ و ناشێ هیچ پاساودانێ بۆ بکوژ و بکوژی بکرێ بەلام ناشکرێ ئەو لایەنانە دەستنیشاننەکرێ کە ئەم ڕووداوانە بەرهەمدێنن.

بەخۆی غەمی ئەم ڕووداوانە هەمیشە لە غوربەت و دوورە ولاتی زۆر ترە و تابشلێی وەک برینێ ناسۆڕ دەمێنێتەوە چونکە خودی غوربەت برینێکە و سارێژبوونی ئەستەمە بۆیە ئەو برینانەی بەتایبەت ئەم جۆرە برینانە , کە باوکێ دایکی منالەکانی یان کچێکی خۆی دەکوژێ, یان برایێ خوشکێکی خۆی یان دایکی دەکوژێ, لە برینە لەبیرەوە نەچوەکانن و دروستکەری نەکهەر کارەساتی کولتووری و کۆمەلایەتیشن بەلکو پێش هەمووشتێ دەرئەنجام و کاریگەری ڕەوانی و ڕۆحی ئەستووریش دەخەنەوە کە کەسەکان هەمیشە زامدار و سەرکز دەبن بەلام ئەوانەش کە باکیان بەو تاوانانە و یان ئەو جۆرە ڕووداوانە نییە ئەوا بە دلنیایەوە دەروون و ڕۆحی خۆیان دەمێکە لەدەستداوە و دەروەسی هیچ نایێن. لێرە نابێ ئەوەشمان بیرچێ ئەو دەمەی خەلکانێ ڕۆژهەلاتی ,یان سەر ڕەش کە لە یەکێ لە ولاتانی ئەوروپا دەژین و بەمجۆرە کێشانەوە دەگلێن وێنەیێ زۆریان لەسەر دروستدەکرێ و زۆر سەختە لەڕووی کۆمەلایەتی و کولتووریەوە تا چەند سەدەیێکیش لێیانبێتەوە. ئەلبەتە سڕینەوەی ئەم وێنانە و کەمکردنەوە لە کاریگەری و دەرئەنجامەکانیشی تەنیا کاری بیرمەند و هزرەڤان و ڕوناکبیرانە جا ئەوانە ڕۆژهەلاتی بن یان ڕۆژئاوای. بەلام ئەو هێزە باشانە زۆرجار گرفتیان دێتەپێش.بۆنموونە یان ڕووی مێدیایان بەڕوودا دادەخرێ یانیش بەرگەی ئەو هەموو هێرش و بەرەنگاربوونەوانە ناگرن دەکرێتەسەریان. ئەمەو بەشێ لە ڕوناکبیرانی ڕۆژهەلاتی , یان جیهانی سێ , لەبەرئەوەی خۆشیان هێزهایێ سست و کەمترخەم و بیرناکاریگەرن ئەمەوادەکا مانەوەی ئەو وێنانە زۆرتربخایەنێ. ئەلبەتە جالیەی کورد و عەرەب و تورکیش. لەبەرئەوەی لە ولاتانی ڕۆژئاوا لەژێر چەند فشارێ پێچەوانەدان لەمڕووەوە لەهەرە جالیە نەگبەتەکانی ئەوروپان و تابشلێی غەدرلێکراو و بەشخوراون. ئەمانە لەلایێ ئەسیری ترادیسیۆنێ سوا و ناکاریگەرن و لەلایێدیش کەوتونەتە ناو کۆمەلگە و کولتوورهایێکەوە دوژمنی هەرە گەورەی بەها و نرخ و سۆزە. ئەمەو بەشێ زۆریشیان لەبەرئەوەی بێ ئەزموونن و بیرنا-فراوانن و لەژێر دروشمی سیاسی لاواز و پووچی حیزب و سەرۆک و ڕابەڕەکانیانن وایانلێهاتووە لە دژی دۆزی سیاسی دیسپۆتیستی و هەژاری و پاشکەوتووی ولاتەکانیان کۆمەلگەکانی ڕۆژئاوا بکەنە تاکە لانەیێ بۆخۆیان و خێزانەکانیان و تەنیا لەهەوای لاسایکردنەوەی کولتووری ڕۆژئاوای بن, بەلام بەشێ زۆریش لەو جالیانە لەبەرئەوەی ناچارن لەم کۆمەلگە ڕۆژئاواییانە بژین ئەگەرچی لەگەلێ لە بوارەکانی ژیان و کارکردن دانیان پیاناهێنرێ بەلام ئەمان چارەسەریان بۆئەم کێشانە تەنیا ئەوەندەیە کە هەمیشە لە هەوای ناحەزی خۆیاندان دژ بە ڕۆژئاوا و خۆیان بەنهێنی و لەژێرەوە بەدوژمنی هەرە گەورەی ئەو کۆمەلگە ڕۆژئاوایانە دەزانن کە تیایانیشتەجێن. بۆیە ئەمانە لەمحالەتانەدا بەهەموو جۆرێ خۆیان لە ڕۆئاوایەکان جیادەکەنەوە و بەشێوازی خۆیان ناندەخۆن , وەرزش دەکەن و ئاهەنگدەگێڕن و تەنانەت گۆڕانیشدەچڕن و سەماشدەکەن.ئەمەش تائەوپەڕی کاریگەری بەسەر ژیندەری مێینەی ئەم جالیانەوە دەبێ. چونکە هاتنەدەرەوە لە نەرێت و خووڕەوشتی خێزانی دەبێ بە کێشەیێ گەورە و هەرئەوەشە زۆرجار توندوتیژی لەناو خێزانا بەرهەمدێنێ. چونکە نێرینەی ئەم جالیانە بەئارەزووی خۆیان دەژین (دەخۆن و دەخۆنەوە, جل لەبەردەکەن و سەماشدەکەن) بەلام هەرچی مێینەکانە بۆیان نییە ئارەزوویيان هەبێ. ئەمەش وادەکا پێکدادانی ژیندەری لەناو ئەم جالیانە هەمیشە شتێکی چاوەڕوانکراو بێ. کەواتە گەندەلیەکە لە کوردستانەوە تا

هەندەرانیش بەردەوامە.

هەر تایبەت بە مەسەلەی بەشمەکبوونی ئافرەت لە کۆمەڵگەی گەندەل دەمانەوێ ئاماژە بەوەشبکەین کە زۆرێک لە ئێمە ئەوە دەزانێ ئەگەرچی ئافرەت تاکێ ناسکی کۆمەڵگەیە بەلام ئەم تاکە , بەتایبەت , لە پێوەندی لەتەک خۆیا پراگماتیستییە. بۆنموونە زۆر ئاسایە کچی خێزانێ یان ئافرەتی ماڵێ بۆئەوەی گەلێ لە نەهامەتیە رۆژانەی و کەموکوڕی و گرفتە بەردەوامەکانی ئەو خێزانە یان ماڵە چارەسەرکا دێ و شوو بەپیاوێ دەولەمەندی بەتەمەن یان ژندار دەکا. ئێمە نالێین ئافرەت مەیلی ئەم شتەی هەیە بەلکو سروشتی کۆمەلایەتی ئافرەت ئەم مەیلە لە ئافرەتا دروستدەکا. بەلام نابێ ئەوەمان بیرچێ لەسەرەتای ئەم نووسینە باسلەوەکرا کە جەنگی یەکەمی ئافرەت دەبێ لەگەل میتافیزیک, لەگەل ئەو قەدەرە میتافیزیکیە , ئەنجامدرێ ئەو سروشتەی بۆ ئافرەت دروستکردوە کە بەوجۆرە دەکرێ بەکاربرێ و ببێ بە ئوبژێکت (بە شت). لەبەرئەوەش لە کۆمەلگەی گەندەل موڕالی سەرەکی پارەپێکهێنانەوەیە بەهەچ جۆرێ بێ تاکی سیاسی و سەرمایەداری شار , کە خۆی لەدەوروخولی دەسەلاتی سیاسیدا دەبینێتەوە , زۆر سوودمەندن لەم کێشە میتافیزیکیەی ئافرەت پێوەیگلاوە. ئافرەتیش لە کۆمەلگەی گەندەل کە نە پارەدارە و نەش ڕاستەوخۆ دەسەلاتێ سیاسییە تاکە شتێ کە ئومێدی پیێبێ بەشتبوونەکەیەتی. بۆیە ڕۆلی ئەو دووانە لەمجۆرە کۆمەلگانەدا لە بەکاربردنی و بەشتکردنی ئافرەت زێدەگەورەیە. دەلیایشمان لەمڕووەوە ئەوەیە کە زۆربەی پارەدار و سیاسیەکان یان چەند ژنێکیان هەیە یان چەند پێوەندیێ شاراوەیان لەدەرەوەی پێوەندی خێزانی هەیە ئەمەو تادەگاتە بۆنموونە ڕۆلی سیاسی لە تەعینکردنی ئافرەت, ڕۆلی سیاسی لە بوون بە واسیتە بۆ گەیاندنی فلانە ئافرەت بەو کارە یان بەو پۆستە ئەمەو تادەگاتە کۆکردنەوەی کارمەندی ئافرەت لە دەوروبەری سیاسی (واتە لەو شوێنەی سیاسی کاردەکا ئافرەت جمەیدێ) هەموو ئەمانەش کاری بەشتبوونی ئافرەتیان لە کۆمەلگەی گەندەل ساناکردووە و سروشتە میتافیزیکیەکەی ئافرەتیشی بەکێشاوی کردووە لەبەرئەوەش لەم جۆرە کۆمەلگانە ئافرەت وەک بوونەوەرێ کەمئەقل, ئیمانلاواز و واسواس دەبینرێ بۆیە ئافرەت ناچاردەبێ نەکهەر بە بەشتبوونەکەی قایلبێ بەلکو جاریوایە بەهەموو هوشیاری خۆشیەوە خۆیدەخاتە ناو ئەو یاری بەشتبوونەوە بۆیسازکراوە. ئەم لایەنانە بۆ سیاسی گەندەلی کۆمەلگەی گەندەل بابەتێ بنەڕەتی نیە. هۆی ئەمەش ئەوەیە کە سیاسەتسالاری لەم جۆرە کۆمەلگانە دەیەوێ هەمیشە بەدەست ژیندەری نێرەوە بێ.

دوا لایەن کە خراپنیە لێرەباسکرێ ئەوەیە یەک لەو دیاردە گەندەلانەی لەم سالانە کێشەی خۆی خستەوە هاتنە دەرەوەی ئافرەتی کورد بوو بەتەنیا بۆ ئەورووپا یان شووکردن بوو بەتەلەفۆن و بەنامە و یان بەڕێگای سەیرسەیری تر. ئەم لایەنانە کە ناسروشتین بەرهەمی ئەو گەندەلیەن ئەرکێ زۆریان خستۆتە سەر ژیندەری ئافرەت جائەوە دایک بێ یان هاوسەر یان خوشک و کچ(واتە ئەولاد). بەلام هۆیتریش هەیە کە لەسەرهەلدانی ئەم دیاردەیە کاریگەرە بۆنموونە تەکنیکی گەیاندنی نوێ کە گەلێ دیاردەی سەیرسەیری لەگەل خۆهێناوە یەکێکیشە لەو هۆیانەی ڕۆلی لە ئاسانکردنی پێوەندییەکانا هەیە. بەلام لێرە گرفتەکە ئەوەیە هەندێ ترادیسیۆن کە خۆی داخراو و گیر نیشاندەدا لەمحالەتانەدا خۆی کراوە و سادەش نیشاندا. ئەم دیاردەیە (دیاردەی هاتنە دەرەوەی ئافرەتی کورد بەتەنیا بۆ هەندەران یان شووکردن بە ڕێگای نامەی ئاسایی و پۆستی ئەلەکترۆنی و ڤیدیۆ و وێنە ناردنەوە دەرەوە یان پلان دانان بۆ ئەم کارە بەهۆی ڕاسپاردنی خەلک و.... هتد. ) کە دیاردەێ جیهانیە تەکنەلۆژیای گەیاندن شیاویخستۆتە بەردەست بەلام لەبەرئەوەی خۆی لەسەر هەندێ ڕەفتاری پەلە و بێناواخن و بێ هیوا دادەمەزرێنێ کاریگەری نێگەتیڤانە دەخاتەوە. بۆنموونە ئەوانەی لە دەرەوەی شارستانی ڕۆژئاوا دەژین بەزۆری لەژێرکاریگەری ئەو زانین و زانیارییە زۆر ڕوکەشانە بەمکارانە هەلدەستن کەلەسەر ڕۆژئاوا دەستیاندەکەوێ جا ئەوە پێوەندی بە ستاندارتی ئابووری خێزان و

تاکەوە بێ لە ولاتانی ڕۆژئاوا تادەگاتە باسی ستاتۆسی ئەو ژیانە کۆمەلایەتی و کولتووریەی لە ڕۆژئاوا بەجۆرێ دەقیوەرگرتووە پێچەوانەی ئەو ولاتانەوەن لێوەیەوەهاتوون. بەلام ئەم زانین و زانیاریانە تاسەر یارمەتیئەم کەسانە نادەن چونکە ئەمانە دەکەونە ناو سێستەمێ کۆمەلایەتی و کولتووری نوێوە کە دیاردە و ڕووداوی توێ لەتەکخۆی دێنێ. بۆیە ئەو ئافرەتە کوردەی لە کوردستان بەدەست نێرسالاری و گەندەلەوە چاشمابوو لە ڕۆژئاوا بەدەست بازاڕی کار و ئەو ئابووریزمەوە چاشدەبێ ڕۆژئاوا پێیدەبەخشێ , ئەمەو سەرباری ئەو چاشبوونەش ڕۆژانە لەناو مال و دەرەوەی مال ڕوویلێدەنێ. کەواتە بەلێشاو هاتنەدەرەوەی ئافرەت و خێزانی کوردی بۆ ئەوورووپا ئەسلی مەسەلەکە چارەسەرناکا. چونکە ئەم ئافرەت و خێزانانە لە ئەورووپا دەکەونە ناو کێشە و گرفتی نوێوە کە پێشتر پێیئاشنانەبوونە. ئەمەو نابێ ئەوە لەبیرکەین لە ئەمڕۆدا هەر سێستەمە و بەجۆرێ کار لەسەر بەشتکردنی ئافرەت دەکا. بەلام ئەو جۆرە کارکردنەی کۆمەلگەی گەندەل لەسەر ژیندەری ئافرەت دەیکا لەئێستادا ترسناکترین جۆری کارکردنە. چونکە ئەم جۆرە کۆمەلگانە لە گشت کۆمەلگەێک شتێکییان وەرگرتووە.

دەرئەنجامی ئەویشی ووترا ئەوەیە کە هاننە ڕۆژئاوا , هاتنە هەندەران, بۆ تاکی ئافرەتی کورد چارەسەر نییە و بگرە دروستکەری کێشەی نوێشە. چونکە بەشێ زۆر لەو ئافرەتە کوردانەی دێنە دەرەوە هەلگری پسپۆڕیێ تایبەت و دەگمەن نیین , بۆنموونە ماتماتیکزان, فیزیاکار, کیمیاناس و زمانزان نین و شارەزاش نین لە زانستی ئەکادیمی نوێ, بۆیە زۆر بەئاسانی بێکار دەبن یان ئابووریان هەمیشە لاواز دەبێ.. مەبەستم بەشێ زۆر لە ئافرەتانی کورد کە دەگەنە هەندەران یان نەخوێندەوار و ژنی مالن یانیش ئەوپەڕی بەکالاریۆسێکیان لە بەشێ لە زانستە کۆمەلایەتیەکان هەیە , تەنانەت ئەگەر دکتۆراشیان لە هەچ بوارێ هەبێ لە هەندەران ئەوەندە سال  بە تەعادولکردنەوەی بڕوانامەکانیانەوە سەرقالدەکرێن لەکۆتایدا حەوسەلەی هیچیان نامێنێ.
بۆیە ڕۆژئاوا لەمڕەوەوە بەهەشتی ئافرەتانی کورد نییە بەلام لەهەندێ ڕووی ترەوە دالدەێ باشە بۆ دورکەوتنەوە لە نا-دادپەروەری  ژیندەری و ئەو زولمەی ئابووری و سیاسەتی گەندەل بۆ ئافرەت و خێزانی کوردی دروستکردووە. وەکیتریش لە ڕیزی ئەوانەی بە منالی یان بە لاوی دێنە ڕۆژئاوا گەر خێزان و هاوسەر و نێرەکانی خێزانەکانیان یارمەتیان بدەن ڕەنگە تاکی بەتوانا و هزرفڕوانیان لێدەرچێ بەلام ئەمەش زۆرجار تەماوی و ناڕوون خۆی دەردەخا. چونکە لەم چەند سالەی دوای ئەوە ڕوونبوەوە کە هەندێ لەوانەی لەلایەن هاوسەر و خۆشەویستەکانیانانەوە یارمەتیدران تا لەبواری کێشەی ئافرەتان ببنە کەسانێ دیار و مافخواز بوونە کەلەگا و یان هەولیاندا لاسای پیاوە گەندەلە ڕۆشنبیرەکە بکەنەوە و ببنە پیاوێکی گەندەلی ناوخێزان و هەروەها هۆکاری دروستکردنی دووبەرەکایەتی ژیندەری. زۆر حەزدەکەم ئەو دوا دێڕەی ووترا تێگەیشتنی خوێنەری ئەم نووسینە بەرەو ئەو تێڕامانە بەرێ ئەم نووسینەی ئێمە چەند دژایەتی زەبری پیاو لەناو خێزان و یان خێزانە گەورەکە (کۆمەلگە) دەکا ئەوەندەش دژایەتی زەبری ئافرەت دەکا. چونکە ئێمە پێمانوایە ئافرەتیش وەک بوونەوەر دەکرێ زەبرخوازبێ و دۆز و بارێ ئابووری, سیاسی و کۆمەلایەتی دەستی لە زەبراویکردنی کەسایەتیا هەبێ. بۆیە خەمی گەورەی ئێمە لەم نووسینە تەنیا سڕینەوە و قەلاچۆکردنی زەبری پیاو, کەسایەتیە بنەڕەتیە گەندەلەکەی کۆمەلگەی گەندەل, نییە بەلکو ئەو هێزانەی تریشە, جا ئەوە خودی ئافرەت بێ یان هەچ دیاردە و بوونەوەرێ تر, کە زەبر لە ناو خێزان و کۆمەلگە و لەناو پێوەندی خۆشەویستی یان پێوەندییە کۆمەلایەتی و مرۆییەکانی تر دروستدەکەن.
بەلام بەدەر لەوی لایسەرەوە ووترا دەمانەوێ سەرنجی خوێنەر بۆئەوە ڕاکێشین, ئێمە لەم نووسینە لە چەند دێڕێکی لایسەرەوە ویستمان بلێین ئافرەتی کورد پاش ئەوەی لە بەربەرەکانێ زەبراوییە ژیندەریەکانی

کۆمەڵگەی گەندەڵ دەربازیدەبێ دەکەوێتە ناو هەندێ دیاردە و ڕووداوی کۆمەڵایەتی تازەوە کە هەرهەمووی بەرهەمی ئەو ئابووریخوازییە نوێیەن کۆمەڵگەی زانیاری نوێ (کۆمەڵگەی پاش پاش پیشەسازی) , کە خۆی لەسەر پووختگەرایێ تەکنیکی و زانیاریێ ماتماتیکی بونیاناوە , بۆیسازدەکا. جا بەپێیئەوەی ئافرەتی کورد پێوەندی بە ئابووریەوە ( بەسیستەمی کارکردن و پارەدروستکردن ) بێهێز و لاوازە و حەوسەلەێ زۆریشی لەتەک جیهانی تەکنیکی نوێدا نییە لە ڕۆژئاوا گرفتاری کێشە و بەزمی نوێ دەبێ, لەوانە : ئێشی ئەو ڕاسیزمەی ئافرەتی کورد لە دەرەوەی ماڵ و خێزان ڕووبەڕووی دەبێتەوە لە ئێشی ئەو زەبرە کۆمەڵایەتیە کەمتر نییە لە کۆمەڵگە گەندەڵەکەی خۆیا ڕۆژانە یەقەیدەگرت., هەروەها ئەو بازاڕە زەبەلاحەش ئەم تێیدەکەوێ دەروون و توانایێ جەستەیی ماتریالی ئەوتۆی لێداوادەکا زۆر لەو پەروەردە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە دوورە ئەم ئافرەتە کوردە لەتەکخۆیا پەلەکێشیناو ڕۆژئاوایکردووە . ئەمەو گرفتی چۆنیەتی باشفێربوونی زمان و چۆنیەتی خۆڕاهێنان لەگەڵ کولتووری ولاتانی ڕۆژئاوا لە بەربەست و کێشە شاراوە گەورەکانی ئافرەتی کوردن لە هەندەران. ئەم دوا کێشەیە کە بە یەکێ لە هەرە کێشە نائاسایەکانی لەقەڵەم دەدەین لە ژیانی تاکی ئافرەتی کورد لە هەندەران تابلێی ئێشهێنەرە. چونکە خوێنەری ئەم چەند دێڕە پێویستە چاک لەوە بگا کە ئەمڕۆ هێزێ شاراوەی ئابووری لە شارستانی تازەدا کاریخۆیدەکا توانایێ زۆری لە بەشتکردنی کەس و تاکەکانا (یان ژیندەرەکانا ) هەیە. بۆیە ئێمە لێرەوە زێتر دەمانەوێ ئەوەبیر خوێنەر خەینەوە شارستانی نوێ ,کە وەک شارستانیێ ڕۆژئاوای خۆی نیشانددەدا, تواناییێ بێوێنەی لە کردنی ""تۆ "" بەویتر هەیە, جا ئەوە لەسەر ئاستی ژیندەر بێ یان چین, توێژ بێ یان تاک. ئەم لایەنە کە زێدە ترسناکە دیاردەی کۆمەڵایەتی گەورەش دەخاتەوە و ئەو کۆمەڵگانەش , بۆنموونە کۆمەڵگەی گەندەڵ, کە بەرهەمهێنەری ئەو دیاردانە نیە یان هیچ پێوەندێکی بە میکانیزمی ئەو تواناییەوە نییە زیانی لەڕادەبەدەری کۆمەڵایەتی و دەروونی بەردەکەوێ و لەمڕوەشەوە ژیندەری ئافرەتی کورد , لە هەندەران بژی یان لەسەرخاکی کوردستان , زۆرترین پریشکی ئەو زیانەی بەردەکەوێ. بەخۆی ئەم لایەنە , واتە"" بوونبەویتر"" , پەتایەکی سەردەمییە و بەزۆریش لەو شوێنانە و لەناو ئەو خێزان و کۆمەڵگە و نەرێتانە باوە جارێ ئامرازەکانی بوون بەخۆی تیابەدیناکرێ و یان خەڵک لە هەبوونی خۆی ڕازی نییە. بۆیە تاکە چارەسەر و ڕێگاچارەێ خەڵک لەمجۆرە شوێنانە کاریلەسەردەکەن هەوڵییانە لە"" بوونیبەویتر"". ئەمەش هەر لەسەر ئاستی تاکەوە کاری بۆدەکرێ تا ئەوەی پێیدەڵێن دەسەلات. نهێنی ئەم هەوڵەش لە ""بوونبەویتر"" تەنیا لەو فەشەلەوە نییە لە نەبوونی کەسەکانەوە بە خۆیان و لە سەرنەکەوتنیان لە بوونیان بەخۆیان هاتۆتەکایەوە بەڵکو لەوەشەوەیە کە چەند و چۆن ئەویتر توانیویەتی هەبوونی خۆی پیرۆزکا و هەروەها مانا و هێما بۆ ئەم هەبوونەی سازکا و ""بوونبەویتر"" بکا بە بەهادارترین دیاردەی تێراپی (عیلاج). بۆیە ژیندەری ئافرەتی کورد ئەو دەمەی لە کۆمەڵگەی گەندەڵەوە ڕوو لە هەندەران دەنێ بۆئەوەی ببێ بەخۆی لە هەندەران دەبێ بەویتر بەڵام چۆن ئەویترێ؟ ئەلبەتە ئەویترێ کە نە ئەویترێ پووختە و نەش خودی خۆیەتی. واتە لەدەستدانیخۆ یەکێکە لە زیانەکانی ئەو بەرکەوتنە خۆیەی لەپێوەندی نێوان ئافرەتی کورد و هەندەراندا سازدەبێ.بەڵام پرسیارە هەرە گرفتاویەکان لێرە ئەوەن: لە ناوجەرگەی ئەو شوێنانەی شیاویەکانی بوونیەخۆی تیابەدیدەکرێ چۆن دەشێ مرۆڤ بوونێ بۆ خۆی سازکا دووربێ لەو وێنانەی پێشتر ئەم مرۆڤە ڕەنگە بەگەلێ شێوە ڕەتیکردۆتەوە؟ ئەم مرۆڤە چۆن لەتەک ئەو مێژووە خۆی یەکدەخا لەگەڵ خۆی هێناویەتە شوێنە تازەکەوە؟ چونکە ئەو مێژووە هیچوەخت لەم مرۆڤە نابێتەوە و لەگەڵ ڕووداونی گشت ڕووداو و دیاردەێ هەمیشە ئەوە وەبیر ئەم مرۆڤە دەخرێتەوە بۆ ""تۆ ""بوون لێرەوە دەستپێناکا و ""تۆ"" بەرهەمی ئەو تێگەیشتنە نیت لەسەر بوونبەخۆ لێرە سەوزبووە. ئەمەش دەرگا لە هەندێ پرسیاری دەروونی

دەکاتەوە لەوانە  چۆن دەکرێ ""تۆ""یێ غەریب بیەوێ ببێ بەویتر لەکاتێکا ئەم ئەویترە ئامادەنیە هەستی بەبوون بەویتر بخاتە سیەکانتەوە؟ یان چۆن دەتەوێ ببی بە کەسێ کە ئەو ئامادەنیە بتکا بە کەسێ لە خۆی چونکە ئەویش لەوەکەوتووە ئیدی ""کەس"" بێ؟ ئەم پرسیارانەش بەخۆیان ڕوویێ لەو شانۆگەریە تراژیدیە نیشان دەدەن کە "" تۆ"" وەک کەس تێیدەکەوێ. ئەمەش وادەکا ""تۆ""ی بەویتربوو پاش پتر لە بیست و سی سالێ کە لە شوێنێ گیرساوەتەوە هەر بەئاواتی گەڕانەوەبێ بۆ زێدی خۆ. ئایا ئەمە ڕەتکردنەوەی بیرۆکەی بوونبەویتر نییە ؟ بەخۆی ئەم کێشەیە شتێ ئالۆزە چونکە کێشەکە لەوەدایە ئەوانەی ئامادەن بەگشتجۆرێ خۆیان بسڕنەوە و ببن بەویتر تەنیا بۆئەوەیە وەک پێشوو نەمێنن و بوونیان لەو بوونەی پێشویان جیاکەنەوە بەلام هەر ئەمانە ئامادەشنین لەو تەوژمی ژیانە هیچگەرایە بکۆلنەوە لەو زێدە تازەیەی لێیدەژین ڕووبەڕوویدەبنەوە. چونکە بۆ گەلێ لەوانە ئەوە شتێکە و پێوەندی تەنیا بە دانیشتوانە ڕاستەقینەکانی ئەو زێدانەوە هەیە بەلام لەڕاستیدا وانییە چونکە ئەو کە بەئاواتی بوونبەویتر هاتۆتە ناو ئەم زێدانەوە ئێستا لەزۆرترین نادلنیایی و دلەڕاوکێی ناسنامەی و هزری دەژی کە جارێ نازانێ خەلکی کوێیە..

پووختەی ئەوی ووتراش لەوەدا بەرجەستەدەکەین ئەوی لەمڕووەوە ڕووبەڕوی تاکی ئافرەتی کورد دەبێتەوە هەمیشە برینئامێزتر و تەنگوچەلەماویترە بۆیە ئەو کێشانەی ژیندەری ئافرەت لە هەندەران ڕووبەرووی دەبێتەوە دوو جەمسەری و دوو دەزگایین. لەلایێ سێستەمی کۆمەلایەتی و ئابووری کۆمەلگەی گەندەل لێیبەرپرسە و لەلایێتریش سێستەمی کۆمەلایەتی و ئابووری کۆمەلگەی زانیاری ڕۆژئاوا.

هەر تایبەت بەو لایەنەی لایسەرەوە نابێ ئەوەشمان بیرچێ, سێستەمی کۆمەلایەتی و ئابووری ولاتانی نوێ ڕۆژئاوا بەجۆرێ بوونیادنراوە شوێنی ڕاستەقینەی بوونەوەر لە هەستبە بێگانەبوون و هەستبە غەریبیبوون دا گیردەکا واتە زۆرجار کێشەکە ئەوەنیە ""تۆ "" لەڕووی ڕیشەییەوە لەگەل ولاتانی ڕۆژئاوا هیچ شتێ یەکتناخا بەلکو ئەوەیە شارستانی ڕۆژئاوا توانای دروستکردنی هەستێکی لە کەسەکان هەیە کە دەشێ ناونرێ هەستیبەغەریببوون. واتە کێشەکە گەلێجار ئەوەنیە"" تۆ"" غەریبی چونکە لە ڕۆژئاوا لەدایکنەبوویتە و یان بەڕەچەلەک ڕیشەت ناگەڕێتەوە سەر شارستانی ڕۆژئاوا  بەلکو ئەوەیە لە بوونیادی شارستانی نوێی ڕۆژئاوا شیاوێکی شاراوە هەیە  ئەم شیاوییە توانایێ گەورەی تیایە هەستی بەنامۆبوون , هەستی پەراوێزبوون و دورەپەرێزبوون لە تاکەکانی کۆمەلگە دروستکا. ئەلبەتە ئەو هەموو هەولەش خودی ڕۆژئاوایەکان , تاکی ڕۆژئاوای, دەیدەن بۆ گۆڕینی شوێن , بەباوەڕی ئێمە, سەرچاوەکەی هەر بۆ ئەم هەستە کوشندەیە دەگەڕێتەوە کە بەوەناچێ بەئاسانی لەیەقەی مرۆڤی نوێ بێتەوە لەهەر شوێنێبێ. ئەم حالەتە کاریگەری بێئەندازەی بەسەر ئافرەتی هەندەرانی کوردەوە هەیە و ڕۆلیشی  لە تێکدانی ڕەفتار و هەلسوکەوتیشیا هەیە.

خۆی ڕاستە هەموو ئەو کێشانەی لەو چەند دێڕەی پێشوو ووتران ڕووبەڕووی پیاوی کوردیش دەبنەوە بەلام کاریگەری ئەو کێشانە بەسەر تاکی ئافرەتی کوردەوە هەمیشە ئەستوور ترە.چونکە بەکاربردن و پەلاماردان و لەگەڕخستنی ئافرەت شتێکە زۆربەی کولتوور و کۆمەلگەکان , جا تازەبێ یان کۆن, تیایا بەشداریخۆیانیان هەیە و  ئامرازی تایبەتیشیان لە مانەوەی بەشتبوونی ئافرەت هەیە.بەلام ئەو ئامرازانە لە کۆمەلگە و کولتوور و شارستانێکەوە, یان لە قۆناغ و چاخێکەوە بۆئەویتر گۆڕانی بەسەرهاتووە. بۆنموونە بەشی دووەمی فلیمی ""هۆستل"" مشتێ لەو هەقایەتانەمان بۆدەگێڕێتەوە ئەمڕۆ لە شارستانی نوێ ڕۆژئاوا لە بەکاربردن و لەگەڕخستنی ئافرەت دا پراکتیزەدەکرێ بەلام ئەگەر زۆر دوورتر بڕۆین دەلێین ئەوی کاتی خۆی هاتە سەر ئەفلاتوون, کە پتر لە 2500 سالی بەسەر تێپەڕی, ڕۆژانە لە گۆمەلگە و کولتوورە تازەکانی جیهان دووبارەدەبێتەوە.

کاتێ ئەفلاتوون , پاش بڕیاری ژەهرخواردنەکەی سوکرات, لەدەست دیکتاتۆری ئەو دەمەی ئەسینا سەریخۆیهەلگرت ڕووی لە دورگەی سقلییە ( سیسیلیا) کرد و لەوێرا گرفتاری دەستی دیکتاتۆری ئەو ناوچانە بووە و یەکەم شت هەولدرا لەتەک ئەفلاتوونا بکرێ ئەوە بوو کە دەست بەسەر ژنەکەیا گیرا و لەکەسێ تر مارەکرا. ئەم هەقەیەتە ئاماژەیە لەسەرئەوەی دۆزی ئافرەتی تازەی جیهان گۆڕانی بوونیادی مەزنی بەسەرنەهاتووە و ئەم دیاردەیە یان ئەم ڕووداوە لەئێستادا نەک هەردەژی بەلکو تائەمڕۆ لە نوێترین فۆڕمیشدا خۆی دەنوێنێ و زۆربەی شێوەکانی دەسەلاتیش, هەر لە گرووپەکانی مافیاوە تادەگاتە گرووپی پەلاماردەرانی ئافرەت و ئەمجار دەزگا موخابەراتی و داپلۆسێنەرەکانیش, زۆرترین داهێنانیان تیاکردووە و , ئافرەت بەگەلێشێوە وەگەڕدەخرێ و وەک شێوازێکیش لەلاێ بۆ بێبەهاکردنی ژیندەری مێ و لەلایتر بۆ زەلیلکردنی خودی ئەو ژیندەرەش خۆی وەک خاوەنی ژیندەری مێ بەیانکردووە بەکاردەبرێ. واتە ئافرەت لە شارستانی تازە و کۆن هەمیشە لەبەردەم بەکاربردنێکی دوانەیدابووە..

ئەلبەتە بێبەها نییە گەر لە میانەی باس لەو کێشانەی دێنە سەر تاکی ئافرەتی کورد لە هەندەران, کە بەخۆی کاریگەریەکانی کۆمەلگەی گەندەلی بەسەرەوەیە, باس بهێنرێتەپێشەوە لەسەر دیاردەی هەلوەشانەوەی خێزان. بەخۆی ئەم دیاردەیە, واتە هەلوەشانەوەی خێزان , لە کۆمەلگەی گەندەل و نا- گەندەل وەک یەک ڕوونادا. بۆنموونە هەلوەشانەوەی خێزان لە ڕۆژئاوا لە مشتی گشت خێزانێکدایە..واتە گشت خێزانێ لە ولاتانی ڕۆژئاوا شیاوی هەلوەشانەوەی لەبەردەمدایە جا ئەو خێزانە ئابووری باش بێ یان خراپ. خێزانی سیاسیێ گەورە بێ یان مالی پاشا. هۆیئەوەش بۆئەوەدەگەڕێتەوە هەلوەشانەوە زۆربەی کاتەکان وەک تاکە ڕێگاچارەیەێ بۆ بنەبڕکردنی کێشەکانی ناو خێزان دەبینرێ و, وەکیتریش هەلوەشانەوە لەم حالەتانە و بۆ خێزانی ڕۆژئاوای زاراوەێ زۆر تێراپییە(عیلاج) و ئامرازێکیشە بۆ زالبوون بەسەر کێشە دەروونی و کۆمەلایەتیەکانی ناو.خێزان. کەواتە خێزان بۆئەوەی خۆی لە گشت جۆرەکانی کێشە بپارێزێ دەبێ هەلوەشێتەوە. ئەمەش ئەوتاکە شیاوییەیە سیستەمی ئابووری و کۆمەلایەتی ڕۆژئاوا کردوویەتی بە تاکە ئەلتەرنەتیڤێ بۆ پێیکەوە ژیان بەلام پێکەوە ژیان لەڕێگای دابڕان و ترازانی کەسەکان لەیەکتر. بەبێگومان ئەمەش لە سیستەم و ولاتێ ڕۆژئاواییەوە بۆ ئەویتر گۆڕانی دێتە سەر بەلام گلوبالیتێتی ژیانی لەمەولای کەسەکان نەک هەر ئەو جۆراوجۆریانە لەنێوان سێستەم و ولاتەکانی ڕۆژئاوا کەمدەکاتەوە بەلکو ئەو گلوبالیتێیە (جیهانگیریی) ئامادەیە ئەو کەلێن و سنوورانەش لەنێوان ئەو سیستەم و ولاتانەش کەمکاتەوە لەزۆر ڕووەوە لە سیستەم و ولاتانی ڕۆژئاواوە جیان. .مەبەستم ڕێژەی جیابوونەوەی خێزان لە ولاتانی سەنتەری ڕۆژئاوا (فەڕەنسا,بەریتانیا,ئەلەمانیا و هۆلەندا)لە ولاتانی ئەسکەندەنافی( سوید, دانیمارک, نەرویج,فینلەند) جیایە و هەر هەمووش لە ولاتانی وەک, ئیتاليا, ئیسپانیا, پرتوگال و یۆنان جیان. ئەم لایەنە بەشێکی پێوەندی بە نەرێتە کۆمەلایەتیەکانەوە هەیە و بەشەکەیتریشی پێوەندی بە شیاوی ئابووری ولات و کۆمەلگە ڕۆژئاواییەکانەوە هەیە. بۆنموونە.لە ولاتێ وەک ئیتاليا (باشووری ئیتاليا ) ئەم دیاردەیە کەمترە و بگرە جارێ زۆربەی ئەندامەکانی خێزان پێکەوە دەژین و کوڕ کە ژنی نەهێناوە و کچ کە شووی نەکردووە و تەنانەت تەمەنی 30 سالیشی تێپەڕاندووە جارێ هەر لەگەل دایک و باوکیا دەژی و ئەمەش نەک هەر لە ولاتانی باکووری ئەوروپا, بۆنموونە ئەسکەندەنافی ,هیچ ڕیشەکی نەماوە بەلکو لە باکووری ئیتالیاشا شتێ نامۆیە. هۆی ئەوەش بۆ ئەو گەشە ئابووریە گەورەیە دەگەڕێتەوە هاتۆتە سەر باکووری ئیتاليا و لە گەلێ ڕووی کۆمەلایەتیەوە لە باشووری دابڕاندووە. کەواتە سێستەمە ئابووریە جۆرواوجۆرەکان مامەلەیان لەتەک کێشە کۆمەلایەتی و کولتووریەکان وەک یەک نییە و ئەو سێستەمانەی توانای ئابوریان باشە, لەوانە ئەسکەندەنافیا, یارمەتیدەرێ گەورەی هەلوەشانەوەی خێزانن. ئەمە کە لایەنێ پۆزەتیڤە کاردانەوەی خراپیشی هەیە. لایەنە پۆزەتیڤەکە ئەوەیە تاکەکانی خێزان بەئارەزووی خۆیان دەتوانن دوای ویستی خێزانی و

شەخسی خۆیان بکەون بەلام لایەنە خراپەکە ئەوەیە هەلکەوتی یان شیاوی جیابوونەوە زۆرجار بەهەلە بەکاردەبرێ و لە لایەنە کۆمەلایەتی و ڕەوشتییەکان دەخرێ و خێزان دەکرێ بە کارگەێ بچووک و یان پێوەندی خێزانی بەپیشەسازیدەبێ. ئەمەو نابێ ئەوەشمان بیرچێ لە ولاتانی ڕۆژئاوا تائێستاش لە هەلوەشانەوەی خێزان هەر ئافرەت زیانی گەورەی لێدەکەوێ هۆی ئەوەش بەکورتی بۆ جیاوازی بوونیادی فسیۆلۆژی و دەروونی نێوان پیاو و ئافرەت دەگەڕێتەوە. کەواتە ئەم جیاوازییە وادەکا ئافرەت پتر لە پیاو گیرۆدەی منالەکان بێ ولەلاێ و لەلایێتریش خودی سیستەمەکە بەجۆرێ فۆڕمولێرەکراوە ئافرەت سەرووی ئەو ئەرکە خێزانیەی پاش هەلوەشانەوە دەکەوێتەسەری سەرقالی کارکردنیش بێ. ئەمەش وادەکا ئافرەتان زووتر پیربن و یان زۆووتر بچنەسالەوە و یان زۆرتر نەخۆشکەون و پتر کێشەی ئابووری و دەروونی ڕوویان تێکا. بەلام هەرچی دۆزی کۆمەلگەی گەندەلە تایبەت بە دیاردەی هەلوەشانەوەی خێزان تابلێی سەیر و بێ وێنەیە. هۆیەکەشی زۆر بەکورتی ئابووری و دواتر نەرێتیە , ئەلبەتە جەوهەری ئەو شتە نەرێتییەش ئاینییە. واتە لەلایێ ئابووری کۆمەلگە یارمەتیدەر نیە بۆ هەلوەشانەوەی خێزان و لەلایێتریش شتە نەرێتیەکان ڕێگرن. چونکە پاش جیابوونەوە لە ولاتێ وەک سوید هەریەکە بۆیهەیە لە خانووی خۆی بژی و هەر کەسەش گەر کاری هەبێ دەتوانێ زالبێ بەسەر ئەو کێشە ئابووریانەی بەهۆی هەلوەشانەوەی خێزانەوە دوچاریدەبێتەوە و ئەوانەش خاوەنی ئابووریێ دیاریکراو نین لەلایەن دامودەزگاکانی ولاتەوە یارمەتیدەدرێن و زۆرئاساییە بشخرێتەسەر کار و بوارێ لە بوارەکانی بەرهەمهێنان. ئەمەو چەندین ڕێگای یاسای و مافی تریش هەن لەو تەنگەتاوی و بەربەستانە تەسکدەکەنەوە دێنەڕێی ئەو تاکانەی هەلوەشانەوە هەلدەبژێرن. بۆیە لەم جۆرە کۆمەلگانە جیابوونەوە نە شتێ بڤەیە و نەش کۆلاپس و مالوێرانی بەدەمەوەیە بەلام لە کۆمەلگەی گەندەل لەبەرئەوەی لەلاێ ئابووری بەدەست پیاوەوەیە و لەلایێتریش گرفتی نەبوونی دامودەزگای ڕاستەقینتەی مەدەنی بوونی نییە , ئەمە و لەبەرئەوەی شتەنەرێتیەکانیش کارێوادەکەن هەمیشە بەچاوێ سوکەوە تەماشای ئافرەتی , بەقەولی خۆیان, تەلاقدراو بکرێ بۆیە ئافرەتی کۆمەلگەی گەندەل زۆر بەدەگمەن بیر لە جیابوونەوە دەکاتەوە. چونکە لەنێوان دوو جەنگەل, لەنێوان دوو دۆزەخ , بەتەبیعەتیحال ئافرەتی کورد بەوە قایلدەبێ یەکێ لەو جەنگەلانە هەلبژێرێ.. بۆیە ئافرەتێ داماوی کورد لە کۆمەلگەی گەندەلی کوردی لەبڕی ئەوەی بکەوێتە دەرەوەی کۆمەلگە و هەروەها سەرکز و لاپەرێزکرێ پێیباشەترە بەدیار پیاوە نا-دادپەروەر و داوێنپیس و گەندەلەکەیەوە بمێنێتەوە.

بەلام ئەو توێژە ئافرەتە کوردەی لە هەندەران دەژین دۆزی هەلوەشانەوەی خێزان و یان جیابوونەوەکانیان لەوی کوردستان جیاترە. چونکە لەلاێ ئەمان دەکەونە ناو جۆرە پێشبڕکیێ کۆمەلایەتیەوە کە سێستەمی ئابووری و کۆمەلایەتی ڕۆژئاوا بۆیان دروستدەکا و لەلایێتریش ئەمان دەکەونە نێوان هەلگرتنەوەی یەکێ لە کولتوور و نەرێتەکان یان ئەوی لەتەک خۆیان لە کۆمەلگەی گەندەل و کۆمەلگەی باووباپیرانیانەوە هێناویەنەتە ناو ڕۆژئاوا و یانیش ئەوی ئێستا لە ڕۆژئاوا دەیژین. واتە خێزانی کوردی لە هەندەران, کە شیاوی جیابوونەوەی زۆر لەبەردەمە, ڕەنگە لەبەر هەمان ئەو هۆیانە هەلنەوەشێتەوە خێزانێ ڕۆژئاوای بیرۆکەی هەلوەشانەوەکەی خۆی لەسەر دادەمەزرێنێ. هۆ لەمڕووەوە زۆرە و کەمترینیان ئەمانەن:

<u>یەکەم</u>: زۆربەی جیابوونەوەکانی خێزانە کوردیەکان لە هەندەران پێوەندی بە کێشەی ئابوورییەوە هەیە جا ئەو کێشانە بەشێکی بیرکردنەوەکانی کۆمەلگەی گەندەل لێیبەرپرسیارە کە خێزانی کوردی خۆی لەسەر پەروەردەکردووە. واتە خێزانی کوردی کە دێتە هەندەران , یان لە هەندەران پێکدێ , بەئاسانی ناتوانێ خۆی لەو هزرە گەندەلە بخا کە سالەهایە لە مەغزیا دێ و دەچێ, <u>دووەم</u>: بەشێ لە هۆیەکانی جیابوونەوە پێوەندی بە ستەمی پیاوە گەندەلەکەوە هەیە کە دەیەوێ بە ڕووکەش لە ڕۆژئاوا بێ جا یان کارێ دیاریکراوی نیە یاخودیش خاوەنی هزر و شێوازێ لە ژیانی تازە نییە بۆیە ئەو دوو ژیانیە پیاوی خێزانی کوردی لە هەندەران دەیژێ ماناێ

گەورەی بۆ جیابوونەوەکان هەیە, سێهەم: پارمەتیدانی کەسوکار لە کوردستان و یان هێنیان بە قاچاخ بۆ ئەورووپا ئەمەش یەکێکە لەو گرفتانەی خێزانی کوردی هەلدەوەشێنێتەوە و خێزانی ئەورووپای بێئاگایەلێی , و چوارەم و گەورەترین گرفتی جیابوونەوەکان پێوەندی بە بۆچوونی پیاوی کوردەوە هەیە بۆ ئافرەتی کورد کە ئەو بۆچوونانە هی کۆمەلگەی گەندەلن و لە هەندەرانیش لەیەقەی ئافرەتی کورد نابنەوە. ئەم گرفتە زۆرجاروادەکا پیاوی خێزانە کوردیەکان بەرنامە بۆ بەنەرێتیکردنی خێزان دارێژن جا ئەوە لەرێگای بە زیادلەپێویست بەکوردیکردنی گشت هەلسوکەوت و بیرکردنەوەی خێزانەوە بێ یان لەرێگای زالکردنی خورەوشتی ئاینی و نەرێتیوە بێ ئەمەش بۆ رێگاگرتن گوایە لە نەبوونە رۆژئاوای و لە رێدەرنەچوون لە خوورەوشتی باووباپیران. پیاوە گەندەلەکە کە زۆرجار نە ئاینیە و نەش نەرێتی ئەمە دەکا تەنیا بۆ کۆنترۆلکردنی مێینەکانی ئەو خێزانەی هەیەتی. ئەمەش وادەکا خێزان دوو هەوا بژی.لە دەرەوەی مال ئەوروپایە و لەمالەوەش کوردیە. ئەم بەکوردیکردنەش ئامانجلێی بە نەرێتیی و بە ئاینیی کردنی خێزانە و دوورخستنەوەیەتی لەوەی نەبێ بە ئەورووپای چونکە ترس لە بەئەورووپابوون تەنیا بۆئەم جۆرە پیاوە کوردانە خۆی لە دوورخستەوەی ئافرەت لە کۆنتاکتنەکردنە بە شارستانی رۆژئاواوە دەستپێدەکا. ئەمە کە موسیبەتی گەورەی کۆمەلایەتی لەناو جالیەی کورد خستۆتەوە زۆرجار قەتل و رەشەکوژی و تەعدای مرۆیی گەورەشی لێبوەتەوە کە زەرەرمەندی یەکەم لەمروەوە تاکی ئافرەتی کوردە.
ئێمە لەرێگای ئەم چەند دێرەی لایسەرەوە نەمانویست بەراووردکاری لەنێوان کۆمەلگەی گەندەل و کۆمەلگەی رۆژئاواییا بکەین چونکە لەناو جەرگەی رۆژئاواش گەلێ کێشە تائێستا بێچارەسەر ماونەتەوە. کە رۆژانە یەخەی تاکی ئافرەت دەگرن . بۆنموونە لە ولاتای سوید , هەروەک دەزانرێ رێژەی ئافرەت لەناو دەسەلاتی سیاسی و ئابووری ولاتدا لەگەلێ لە ولاتانی رۆژئاوا بەرزترە و ئافرەت بەپێی ئەو هەموو جۆرە خەبات و کۆششانەی کردوویەتی دۆزێ ئەوتۆی هێناوەتە پێشەوە باری ئافرەتی ولاتی سویدی نەک هەر بەبەراوورد لەگەل ولاتانی رۆژئاوا گۆریووە بەلکو لەگەلێ روەوە لە ولاتێ وەک ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش جودایە.بەلام هەموو ئەو جوداوازیەش نەیتوانیەوە ئەو کێشانە چارەسەرکا لە زۆربەی کۆمەلگە و ولاتە دواکەوتوەکانا ئامادەیە . بۆنموونە بێکاربوونی ئافرەت پاش حامیلەبوونی یان بێکاربوونی پاش منالبوونەکەی. هەروەها نزمی مووچەی ئافرەت لە کار.. واتە هەمان ئەو کارەی ئافرەت و پیاوێ لە شوێنێ وەک یەک دەیکەن تائێستا لە ولاتانی رۆژئاوا وەک یەک مووچەی لەسەر وەرناگیرێ. ئەو جیاوازیەش لە مووچە لە زۆربەی ولاتانی ئەورووپا کێشەی چارەسەر نەکراوە و خودی یەکیەتی ئەوروپاش تائێستا بەتەواوەتی خۆی لەم باسە نەداوە و چارەسەری یەکلای بۆنەدۆزیوەتەوە. ئەم رێکخراوە ئەوروپایە (واتە یەکیەتی ئەوروپای) ئەوەندەی خۆی لە قەرەی مەسەلە یاسایی و سیاسی و ئابوریەکان دەدا ئەوەندە خۆی لە قەرەی مەسەلە رەوشتیەکان و باشترە بشلێین روحی و مرۆییەکان نەداوە. رەنگە هەلەشبێ بووترێ روحیەکان چونکە یەکیەتی ئەوروپای کە نوێنەرایەتی کارگە و دەسەلاتە سیاسی و ئابووریە ئەبستراکتەکان دەکا نایەوێ ئەو شتانە یادخاتەوە ئیدی بەسەرچوونە و مال و خێزانی ئەوروپای پێوەندی پێوە نەماوە.بەلام هەر ئەم یەکیەتە چەندین جار باسی کێشەی هۆمۆسێکسوێل و لیسبیسەکانی هێناوەتە پێشێ و پێشنیاری ئەوەشی کردووە کێشەکانی لەناو ولاتە جیاجیاکانی رۆژئاوا چارەسەری یاسای و ئابووری بەباشی بۆ بدۆزرێتەوە. بۆنموونە قایلبوون بەوەی دوو پیاوی هۆمۆ یان دوو ئافرەتی لیسبیس بشێ پێکەوە بژین و تەگەرە لەبەردەم دروستبوونی خێزانییان دانەنرێ و ئەوەی پێدەووترێ کێشەی یاسای لەبەردەمیان لابرێ و گشت مافێکی کۆمەلایەتی و ئابووریشیان بدرێتێ. بەلام لەهەمان کاتدا گەلێ کێشە و لایەنی تری کۆمەلایەتی و یاسای هەن کە ئافرەتی ئەوورووپای پێوەیگلاوە نە ئەم یەکیەتە و نەش جارێ سێستەمە سیاسییە جۆراوجۆرەکانی ئەورووپا لێینەهاتونەتەقسە.

وەک دوا پەیڤیش لەکۆتای ئەم بەشەی نووسینەکەمان لەسەر کۆمەلگەی گەندەلی کوردی بەباشی دەزانین ئاماژەبەوەبکەین, ئەم باسە نەباسێ سیاسی بوو و نەش فەلسەفەی بەسەر دیاردەی ئافرەتگەراییەوە کرد بەقەد ئەوەی هەولێبوو بۆ خستنەڕووی چەند سەرنجێک کە بەرهەمی جۆرە ڕوانینێ تایبەتبوون سەبارەت بەو کێشە ڕۆژانەیی و دیاردە زۆر دووبارەوەبووانەی ڕووبوڕووی تاکی ئافرەتی کورد لە کۆمەلگەی گەندەل دەبنەوە. کاتێکیش ئێمە سەرنجەکانمان بەردەست خوێنەری ئەم چەند دێڕە خست بیرمان لەوەنەکردەوە ئەو ئەندێشانەی ئێمە بەهۆی ئەو سەرنجانەوە پێشنیاریدەکەین لە بەرژەوەندی کێیە و یان قینی کێ هەلدەستێنێ چونکە کێشەکە هەر وەک بەناونیشانەکەیدا دەردەکەوێ تایبەتە بە ئافرەت بۆیە ئەوی ویسترا بووترێ ڕووخرا. ئەلبەتە لەو شوێنانەش بۆماندەرکەوت ئافرەت لەگشت شوێنێ لەم جیهانە جارجارە بەشداریێ کەمتازۆری لە بەشتبوونی خۆیدا هەیە لەوە نەسلەماینەوە تاکی ئافرەت ڕەخنەنەکەین. بەلام ئێمە ئەمەمان , واتە ڕۆلی ئافرەت لە بەشتکردنی خۆی ,وەک یەکێ لە ڕووداوە تراژیدیاکانی شارستانی نوێ لەقەلەمدا و وەک بەرهەمی ترادیسیۆنێ ناساغ و ناتەبای کۆنیش بینی.